# سێ مێژوونووسی هاوچەرخی کورد

پ.د. کەمال مەزهەر, پ.د. جەبار قادر, پ.د. یاسین سەردەشتیی

ئامانج نازم بیجان

چاپی یەکەم
٢٠٢٤

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب: سێ مێژوونووسی هاوچەرخی کورد-پ.د. کەمال مەزهەر، پ.د. جەبار قادر، پ.د. یاسین سەردەشتیی**

**ناوی نووسەر: ئامانج نازم بیجان**

**دیزاین و بەرگ: فوئاد کەوڵۆسی**

**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

**شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج-سلێمانی**

**نرخ: (٥٠٠٠) دینار**

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٧٣٥)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە**

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................ ٧

بەشی یەکەم

پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد-باوکی مێژووی نەتەوەی کورد، کـــورتەیەك لـە ژیـان و بـەرهـەمـەکانـی مێژوونـووسێك ........................ ١١

پێشگووتن ........................................ ١٣

تەوەرەی یەکەم: پوختەیەك لە ژیانی ........................ ١٥

تەوەرەی دووەم: خستنەڕووی نووسین و بەرهەمەکانی ........................ ٢٣

تەوەرەی سێیەم: چەند تێبینییەك لەمەڕ ژیان و بەرهەم و نووسینەکانی ........ ٣٣

تەوەرەی چوارەم: چەند وێستگەیەکی نوێ ........................ ٤٠

پەراوێز و ژێدەرەکان ........................................ ٥٩

لیستی سەرچاوەکان ........................................ ٨١

بەشی دووەم

پ.د. جـەبار قـادر غـەفـوور زەنـد – کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی ........ ١٠٥

تەوەرەی یەکەم: کورتەیەك لە ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی ........................ ١٠٧

تەوەرەی دووەم: نووسین و بەرهەمەکانی ........................ ١١٨

پەراوێز و ژێدەرەکان ........................................ ١٥١

لیستی سەرچاوەکان ........................................ ١٦٠

## بەشی سێیەم


پ.د. یاسین خالد حەسەن (سەردەشتیی) کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی ١٧١
تەوەرەی یەکەم: کورتەیەك لە ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی ........................١٧٣
تەوەرەی دووەم: کتێب و بەرهەمە بلاّوکراوەکانی ................................١٧٨
پەراوێز و ژێدەرەکان .........................................................١٩٣
لیستی سەرچاوەکان ........................................................ ٢٠٧

**پێشکەشە:**

**بەو مێژوونووسانەی کورد، کەوا ڕاستگۆیانە ژیانیان تەرخانکردووە بۆ نووسینەوەی لاپەڕە پەرشوبڵاوبووەکانی مێژووی نەتەوەکەیان.**

# پێشەکی

ئاشكرایە دیرۆكی نووسینەوەی میژوو لای كورد زۆر كۆن نییە, ئەوەی هەتاوەكو ئێستا لەبەردەستماندایە, كتێبی (شەرەفنامە)ی (شەرەف خانی بدلیسی)یە, كە لە كۆتایی سەدەی شازدەهەم بە زمانی فارسی نووسراوە. دواتر بە هەوڵی كەسانی وەكو (حوسێن حوزنی موركریانی) و (موحەممەد ئەمین زەكی بەگ) و ئەوانی تر, دەستكرا بە نووسینەوەی میژووی نەتەوەی كورد. پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم, چەندین میژوونووسی دیار توانییان لە ناوەوە و دەرەوەی وولات, بڕوانامەی بەرز بەدەستبهێنن و سەرقاڵبن بە توێژینەوەی مێژووی كورد, دیارە لەم قۆناغەدا هەنگاووی باشتری هەڵگرت و توانرا مێژووی كورد بخرێتە نێو چوارچێوەی توێژینەوە ئەكادیمییەكانەوە.

ڕەنگبێت زۆر دوور نەڕۆین ئەگەر بڵێین ڕەوانشاد پ.د. كەمال مەزهەر لە بەرایی ئەوە ئەكادیمییانەی كورد بووە, كەوا توانی نووسینەوەی مێژووی كورد لە هەندێك ئەفسانە و ووتەی بێبنەما لەمەڕ مێژووی نەتەوەی كورد دووربخاتەوە و وێنەی ڕاستەقینەی خۆی بنەخشێنێت. نێووبراوو ڕۆڵێكی گەورە و كاریگەری گێڕاوە لەم بارەیەوە, چونكە ئەوەی تێبینی دەكرێت, تەنانەت كەسانی ناپسپۆڕیش ئاشنای بەرهەم و كارەكانین, كە تێیدا مێژووی كوردی خستە نێو چوارچێوەیەكی زانستییەوە بە تایبەتیش بۆ عەرەب و بێگانان.

جێگەی باسە, پ.د. جەبار قادر غەفور کە خوێندکاری ڕەوانشاد پ.د. کەمال مەزهەر بووە, یەکەمی سەر بەشەکەی خۆی بووە لە زانکۆی بەغداد. ئەو یەکێکە لەو مێژوونووسە دیارانەی کورد, کەوا بە دەیان و سەدان ووتار, توێژینەوەی زانستی و کتێبی لە بارەی مێژووی هاوچەرخی کورد و بابەتی کوردناسی لە ڕووسیا, پرسی کورد لە تورکیا, پرسی کەرکووك و ئەنفال و چەند بوارێکی تر بلاوکردۆتەوە.
پ.د. جەبار قادر زمانەکانی کوردی, عەرەبی, ئینگلیزی, ڕووسی, هۆڵەندی و تورکی بە باشی دەزانێت, وەکو ئاشکرایە کۆلەکەیەکی زۆرباشە بۆ نووسینەوەی مێژوو, بۆیە لە توێژینەوەکانیدا سوودێکی زۆری لەو سەرچاوانە بینیووە. چ لە نووسین و چ لە وەرگێڕاندا, نێوبراوو خاوەن میتۆدی تایبەت بەخۆیەتی, کاتێك خوێنەر بەرهەمێکی دەخوێنێتەوە, هەست بە شارەزایی, ووردیی و قووڵبوونەوەیەك دەکات لە نووسینەکانیدا, کە تێیدا توانست و پێشینەی نووسەر بەدیاردەخات.
بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان, ئەوەندەی من سەرەنجمداوە, کۆمەڵێك بابەتی تازە و پڕبایەخی لە بواری کوردناسیی و پرسی کورد لە تورکیا و کەرکووك خستۆتەڕوو.
پ.د. یاسین سەردەشتیی, وەکو مێژوونووسێکی گەنج و پڕ بەرهەم, توانی لە ماوەیەکی کەمدا بە دەیان ووتار, توێژینەوەی زانستی و کتێبی پڕبایەخ بلاوبکاتەوە. نێوبراوو لە سەردەمی خۆیدا, یەکەم بووە لەسەر ئاستی کۆلێجی ئاداب. زمانەکانی کوردی, عەرەبی, ئینگلیزی, تورکی و فارسی بە باشی دەزانێت, چەندین بەرهەمی بەپێزی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. توانا, لێهاتوویی و سەلیقەیەکی جوان لە بەرهەم و کارەکانیدا هەستپێدەکرێت. چەندین

بەرهەم و توێژینەوەی نوێی لەمەڕ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە, هەروەها چەندین کتێبی بەپێزی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی. لەم ساڵانەی دوایش, دەستیکرد بە وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامە و ڕۆژنامانەی کەوا بە زمانی ئینگلیزی و تورکی نووسراوون, لەم بارەیەوە دەیان بەرهەمی بەپیزی بلاوکردۆتەوە. نێوبراوو خاوەنی حەفتا کتێبە, لە ڕێگەی ئەم کارە نەمرانەیەوە, توانی پێشڕەوییەکی گەورە بکات لە نووسینەوەی لاپەڕە بزربوو و نەزانراوەکانی مێژووی کورددا.

جێگەی باسە, لە وولاتانی دونیا بایەخێکی زۆر وورد بە زانا و کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانیان دەدەن, لە وولاتانی عەرەبی کەم مێژوونووس هەیە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای لە بارەوە نەهاتبێت, تەنانەت لە زانکۆکانی عێراق چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەمەڕ مێژوونووس و پیاوانی ڕامیاریی کوردەوە نووسراوە, بۆ نموونە لە بارەی پ.د. کەمال مەزهەر, پ.د. موحسین موحەممەد حوسێن, موکەرەم تاڵەبانی و مەسعوود موحەممەد. ئەوەی جێگەی سەرەنجە لە کوردستان کەمتر ئەم هەوڵە پڕبایەخە هەست پێدەکرێت.

شیاووی باسکردنە, ئەم سێ مێژوونووسە هاوچەرخەی کورد, لە قۆناغی زانکۆدا مامۆستام نەبوون, بەڵام بە مامۆستای خۆمیان دەزانم, چونکی لە ڕێگەی توێژینەوە و کتێب و بەرهەمەکانیانەوە سوودێکی زۆرم لێبینیوون, بۆیە وەکو هەوڵێکی سەرەتایی ئەم کتێبەم بە ناونیشانی: سێ مێژوونووسی هاوچەرخی کورد هەڵبژارد, کە سێ پسپۆڕیی جیاواز و هاوچەرخن, پ.د. کەمال مەزهەر پسپۆڕی باشووری کوردستانە, پ.د. جەبار قادر پسپۆڕی پرسی کوردە لە تورکیا, هەرچی پ.د. یاسین سەردەشتییشە پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

دیارە هەڵبژاردنی ئەم سێ مێژوونووسە بە ڕێککەوت نەبووە, بەڵکو کۆمەڵێك پاڵنەری گرنگ لە پشت نووسینەوەیان بووە. بەداخەوە لە ڕۆژگارێکداین, گەڕان بە دووی زانا و مێژوونووس و مرۆڤە ڕاستگۆکان, ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. خۆم بە بەختەوەر دەزانم, بۆ یەکەم جار ووتارێکی تێروتەسەلم لە بارەی هەر یەك لە پ.د. جەبار قادر و پ.د. یاسین سەردەشتی بڵاوکردەوە, ئەوەی تایبەتیشە بە ڕەوانشاد پ.د. کەمال مەزهەر, چواردە ساڵ پێش ئێستا بڵاوکراوەتەوە.

خۆشبەختانە دواتر ئەم بابەتانەم لە چەند شوێنێکدا وەکو سەرچاوە بۆ ووتار و توێژینەوە, کتێب و تێزی دکتۆراش سوودیان لێبینراوە و بەکارهێنراوون, جگە لەمەش لە چەند سایت و پێگەی ئیلیگترۆنیدا بڵاوکراونەتەوە. هیچ لە خوێنەر ناشارمەوە, کاتی خۆی بە مەبەستەوە پەراوێز و سەرچاوەکانم دانەنابوو, ئەویش لەبەر دووروودرێژی بابەتەکان بوو, بۆیە لێرەدا هەوڵماندەوە پەراوێز و سەرچاوەکان لە شوێنی خۆیان تۆماربکەین لەگەڵ زیادکردنی بەرهەم و کتێبی تازەی بڵاوکراودا. بە ئومێدی ئەوەی ئەم هەوڵە خاکییە ببێت بە دەروازەیەك بۆ توێژینەوە و کاری قووڵتر و فراوانتر.

ئامانج نازم بیجان

(٢٠٢٤/٩/١٠)

## بەشی یەکەم

# پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد-باوکی مێژووی نەتەوەی کورد کــورتەیەك لـە ژیـان و بـەرهـەمـەکانـی مێژوونـووسـێك[1]

---

([1]) ئامانج نازم بیجان: پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد-باوکی مێژووی نەتەوەی کورد- کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی مێژوونووسێك، (مێژوو)-گۆڤار، ژمارە (١٦)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، پایزی (٢٠١٠)، ل٣٢١-٣٤٢.

# پێشگووتن

ڕاستی لێرەدا ناتوانین بە ئاسانی قسە و باس لەمەڕ ئەم نێونیشانەدا بکەین، بەتایبەتی لە ووتارێکی وەها کورت و پوختدا، کە زیاتر خۆی لە گەشتێك دەبینێتەوە بە نێو ژیان و بەرهەمەکانی مێژوونووسی گەورەی کورد پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەمەشدا، بابەتێکی زۆر گرینگ و پێویستە، لەهەمان کاتدا جێگەی بایەخ و ئاوڕدانەوەشە، چونکی ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە هەر بوارێکدا کار بکەن، دەستەبژێرن و خەڵکی ئاسایی نین.

ئەم جۆرە مرۆڤانە تەواوی تەمەنی خۆیان بۆ زانست و خزمەتی مرۆڤایەتی و نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن، جا نەتەوەی کوردیش وەکو باقی نەتەوەکانی تری دونیا، دەبێ شانازی بەوەوە بکاتن کە کەسایەتییەکی وەهای تێدا هەڵکەوتووە، هەروەها نرخ و بەهای بزانێت و بە باشی و دروستی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چ لەگەڵ خودی خۆی و چ لەگەڵ نووسین و بەرهەمەکانیدا.

بشێ زۆر دیداری هەمەجۆری لەگەڵدا کرابێت، بەڵام دەکرێ بڵێین جگە لە کەسانی شارەزا لە مێژوودا, بە دەگمەن نەبێت کەسی تر ناتوانێت بە باشی ئەم پیاوە بدوێنێ. سەیر لەوەدایە ئەم مێژوونووسە گەورەیەی کورد, چ خۆی و چ بەرهەمەکانیشی، هێندە لە دەرەوەی کوردستان و

وولاَتانی دەرەوە نێو و ناوبانگی هەیە و بەرز نرخێنراوە، ئەوەندە لە کوردستاندا گرنگی و بایەخی پێویستی پێنەدراوە.
هیچ لە خوێنەر ناشارمەوە، کەوا دەمێکە بەنیازم بابەتێکی وەها لە بارەی ئەم مێژوونووسەی سەرەوەدا بنووسم، بەتایبەتی پاش ئاشنابوونمان بە بەرهەمەکانییەوە. جا بۆیە لێرەدا بەم شێوەیە ناونیشانەکەمان هەڵبژاردووە: پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد-باوکی مێژووی نەتەوەی کورد-کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی مێژوونووسێك. کە لە سێ کورتە باس پێکهاتووە، تێیدا سەرەتا کورتە باسێکی ژیانی نێوبراوومان کردووە، پاشان هاتووین خوێنەرمان بە بەرهەمەکانییەوە ئاشنا کردووە، دوا باسیش تەرخان کراوە بۆ چەند سەرەنجێك لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانییەوە. لە نووسینەوەی ئەم بابەتەشدا, پشتمان بە چەندین سەرچاوەی گرینگ بەستووە، گرنگترینیان کتێبی (مێژوو)ە، هەروەها (بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە)، کە هەردووکیان بەرهەمی خودی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەدن. ئەو بەرهەمانەش کەوا خراونەتەڕوو، زۆرینەی زۆریان لە بەردەستدا بووە و تەماشا کراون.
ئامانجی ئێمە لێرەدا تەنها ئەوە بووە کەوا چەند تیشکێك بخرێتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی نێوبراوو، نەك خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان. جا بۆیە لە کوتاییدا ئومێدەوارین توانیبێتمان لە کارەکەماندا سەرکەوتوو بووبین. دەبێت خوێنەریش بە چاوی لووتفەوە بڕوانێتە ئەم بابەتە، لە هەمووشی گرنگتر بە لامانەوە خودی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەدە، هیوامان وایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببورێ و لێرەشدا دیسانەوە وەکو باوك تەماشای بکاتن.

## تەوەرەی یەکەم: پوختەیەك لە ژیانی

لە ڕۆژی (١٤) چواردەی شوباتی ساڵی (١٩٣٧)ی زایینیدا، لە بنەماڵەیەکی خەڵکی سلێمانی[١] و لە ناحییەی (ئاغجەلەر)ی سەر بە لیوای کەرکوك، کەسایەتییەك دێتە دونیاوە بە نێوی کەمال مەزهەر ئەحمەد حاجی ڕەسول[٢]. نێوبراوو وەکو زۆرینەی منداڵە کوردەکانی تری ئەو سەردەمە دەخرێتە قوتابخانە و خەریکی خوێندن و زانست و پەروەردەی باش و دروست دەبێت. تەواوی قۆناغەکانی خوێندنیشی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە[٣]. بەڵام لە ساڵی (١٩٥٣)ی زایینی، کە ئەو کات دەردەچوو بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی، باوکی کۆچی دوایی دەکاتن[٤]، بێگوومان ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی دیار و بەرچاووی دەبێت، بەڵام دیارە نێوبراوو تاڕادەیەکی باش توانیوویەتی بەسەر ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیاندا زاڵ بێت یاخود زانیوویەتی بە باشی و ڕێکی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانیدا بکاتن. هەر بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن و درێژە بە گەشتی زانستی خۆی دەدات و بێ ووچان خۆی تەرخان دەکاتن بۆ کاری زانستی.

شایانی باسە، یەکەمین ووتاری لە (نەشرە)-بڵاوکراوەیەکی قوتابخانەدا بڵاوکردۆتەوە، کەوا بە دیواردا هەڵدەواسرا، نێوی لێنابوو (بمخوێننەوە)، تێیدا باسی ماموستا و ئەرکەکانی کردووە، کەوا چۆن ڕێگا بە قوتابیان نیشاندەدەن، کە ئەرکی پەروەردە و فێرکردنیان گرتۆتە

ئەستۆ. کەمال مەزهەر ئەحمەد ساڵی (١٩٥٥)ی زایینی، لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغداد, لە (دار المعلمين العالي)–خانەی باڵای مامۆستایاندا وەردەگیرێت[٥]، بۆ ماوەی چوار ساڵان لەم زانکۆیەدا دەباتە سەر, بە باشی و سەرکەوتوویی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت. هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٥٩)دا, بە پلەی شەرەف لە کۆلێجی ئادابی هەمان زانکۆدا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی مێژوودا وەردەگرێت.

پاشان ڕەوانەی یەکێتی سۆڤییەت دەکرێت، کە لەگەڵ گروپێکدا بووە، ئەویش بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا بووە، جا بۆیە لە یەکێتی سۆڤییەتیشدا، ماوەیەك ژیان دەگوزەرێنێ و ساڵی (١٩٦٣) بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وەردەگرێت. تێزی دکتۆراکەشی بەم ناونیشانەوە بووە: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی (باشوور) عێراق لە ساڵانی (١٩١٨–١٩٣٢)[٦]، سەرپەرەشتیکردنی ئەم تێزەەش, کەوتبووە ئەستۆی بەڕێز (د. ڕەحیمی قازی)[٧], ئەم بەرهەمەی نێوبراوو، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە بۆ ئەو کاتە. دەنگدانەوەیەکی وەهای دایەوە, کەوا بوو بە جێی مشتومڕ و باس و خواسی زۆرێك لە مێژوونووسان، هەروەها زۆریشی لە بارەوە نووسراوە، هەر ئەمەش وایکرد کەوا لە ساڵی (١٩٦٧)دا, لە باکۆ وەکو کتێب بە زمانی ڕووسی چاپ و بڵاوبکرێتەوە[٨]، واپێدەچێت ئەمە یەکەم بەرهەمی بێت کە بەشێوەی  کتێب بڵاوبکرێتەوە، کە بە زمانی ڕووسیش چاپکراوە.

لە پاش ئەم کارەیشیدا، د. کەمال مەزهەر هەر بەردەوام بووە لەو گەشتەی کە دەیەوێت زیاتر قووڵبێتەوە لە دونیای زانستی مێژوودا، جا بۆیە هەر ئەم حەز و ئارەزووەی وایلێکرد, کە پاڵی پێوەبنێت کەوا بۆ

ماوەی (٦) شەش ساڵ بە تێزی دکتۆرای دووەمی خەریك بێت، کە بڕوانامەی دکتۆرای دووەمیەتی، ئەویش بریتییە لە بڕوانامەی دکتۆرای ناووك-(ناووك-DSC)، ئەوەندە بەندە ئاگاداربێت، ئەم بڕوانامەیە هەموو کەسێك ناتوانێت بە سووك و ئاسانی بەدەستی بهێنێت، جا بۆیە بەدەگمەن نەبێت، گوێ بیستی جۆرە بڕوانامەیەکی وەکو دکتۆرای ناووك نابین، بەڵام دیارە د. کەمال مەزهەریش، کەسایەتییەکی ئاسان نییە یاخود کەسێك نییە کە نموونەی زۆر بێت، جێی خۆیەتی بگووترێ هەردووکیان شایانی یەکترن, هەر بۆیە وا ئاوێتەی یەکتربوون.

ئەو ناونیشانەش کە بۆ دکتۆرای دووەمی دەستنیشانی کردبوو، بەم ناونیشانەوە بووە: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی (١٩١٨-١٩٥٨), لە ساڵی (١٩٦٩)دا بەسەرکەوتوویی وەکو کارە زانستییەکانی تری, لە مۆسکۆدا بەرگریی لێکردووە. شایانی باسە، د. کەمال مەزهەر یەکەمین کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت بووە، کەوا ئەو بڕوانامەیەی وەرگرتووە. تێزی دکتۆرای دووەمی- دکتۆرای ناووك، لە (٣) سێ بەرگ پێکدێت و بەسەر یەکەوە نزیکەی (٧٣٥) حەوت سەد و سی و پێنج لاپەڕەیە[٩]، بێگوومان ئەم کار و بەرهەمەشی شوێنی دیاری هەبووە، چ لەوێندەر و چ لە عێراق و شوێنەکانی تریش.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسانەی سەرەوەدا، بۆمان بەدیاردەکەوێت کەوا نێوبراوو بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵان لە یەکێتی سۆڤییەت بووە و لەوێندەر ژیانی زانستی خۆی دەگوزەرێنێ، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٠)دا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئاداب سەر بە زانکۆی بەغداد,

وەکو مامۆستا دادەمەزرێت[١٠]، لەم ماوەیەدا بووە بە مامۆستا لە بەشی مێژوو و زمانی کوردی[١١].

شایانی باس لێوەکردنە، د. کەمال مەزهەر یەکێك بووە لەو مامۆستا و نووسەرە کوردانەی کەوا لەو ماوەیەدا لە بەغداد بووە، نەك هەر نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاسەتی حیزبی بەعس، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر باشیش خزمەتی زانست و کورد و کوردستانی کردووە، ئەویش لە ڕێگەی هزر و خامە جوانەکەیەوە. ئەو کاتەی کەوا مامۆستاش بووە لە زانکۆ، خەریکی ئیش و کاری تریش بووە. لە ماوەی ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٥) ئەندام و جێگیری سەرۆك و سکرتێری گشتی کۆڕی زانیاری کورد بووە لە عێراق[١٢].

دیارە وێڕای ئەوەی کە ویستوویەتی لە ڕێگەی زانستەوە خزمەت و خەبات بۆ میللەتەکەی خۆی بکات، بەڵکو حەزی کردووە ماوەیەکیش ڕوو لە چیاکانی کوردستان بکاتن، ئەوەتا لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥)دا لە چیا و شاخەکانی کوردستان بووە، ئارەزووی ئەوەی کردووە لەگەڵ خەباتگێڕانی نەتەوەکەیدا بێت، جا بۆیە لەو ماوەیەدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا، بەرپرسیارێتی گرینگی هەبووە، هەروەها چالاکانە کارەکانی لەم بوارەشدا هەڵدەسوڕاند. بۆخۆیشی دەڵێت: چۆن شانازی بە بەرهەم و کتێبەکانمەوە دەکەم، بەهەمان شێوەش شانازی بەوەوە دەکەم کە لە ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)دا لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بووم[١٣].

هەر بە هۆی نووسین و بەرهەم و کاری زانستییەوە, ساڵی (١٩٨١) پلەی زانستی بەرز دەبێتەوە و دەبێت بە پڕۆفیسۆر[١٤]. نێوبراوو بە هۆی کاری زانستییەوە، جگە لەوەی تەمەنێکی زۆری لە زانکۆدا بردۆتە سەر، بەڵکو زۆر شوێنیشی تەی کردووە، هەر بۆیە زمانەکانی: کوردی, عەرەبی,

ئینگلیزی, ڕووسی و هەندیّ فارسیش دەزانیّ[15]، کە ئەمەش گەورەترین کەرەستەیە بۆ مێژوونووس و زۆرترین یارمەتییە بۆ ئەوەی نووسینەکانی ئاسایی نەبن و دەگمەن و دانسقەبن.

پ.د. کەمال مەزهەر هەروەکو چۆن بۆ خۆی سامانێك و گەنجینەیەکە و پێویستە هەموو کوردێك شانازی پێوە بکاتن، ئاوەهاش گرنگە خۆیشی شانازی بەوەوە بکات کەوا جگە لە بەرهەمەکانی خۆی، بەڵکو خاوەنی کتێبخانەیەکی ئێجگار گەورە و دەوڵەمەندە. هەروەکو خۆی باسی لێوەکردووە، ژمارەیان بەلایەنی کەمەوە (٣٥) سی و پێنج هەزار کتێب لە پەرتووخانەکەیدا هەیە، کە بە زمانەکانی: ئینگلیزی, فەڕەنسی, تورکی, فارسی, ڕووسی و ئەرمەنییە، بێگوومان زۆرینەی کوردی و عەرەبیین یاخود دەتوانین بڵێین لێوانلێوە لەم دوو زمانە. ئەم کتێبخانەیە وێڕای ئەوەی کەوا ژمارەی کتێبەکانی زۆر و فرەیە، بەڵکو خودی پەڕتووکەکانیش دانسقە و دەگمەنن و بەهای زانستییان گەلێك زۆرە، دەبێت لە یادیشمان نەچێت، ئەم کتێبخانەیە هەر کتێبی تێدا نییە، بەڵکو بڕیشە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بەڵگەنامەی نهێنی بە زمانە جیاجیاکان، کە شوێنی خۆیان گرتووە لەو کتێبخانەیەدا[16]. هەر ئەم شوێنەش زۆر کات بووە بە ماڵ و حەوانەوەی زۆر لە قوتابیان.

پ.د. کەمال تەواوی ژیانی خۆی بۆ خوێندن و زانست و مێژوو تەرخان کردووە، هەتاوەکو هەنووکەش لە خزمەتی مێژووی کوردە، هەر بۆیە بە دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی و باس و ووتاری هەیە بە زمانەکانی: کوردی, عەرەبی و ڕووسی، ئەمە جگە لەوەی کەوا بەشداری چەندین کۆڕ و سیمیناری زانستی و کۆنگرەی کردووە، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەدا. هەروەکو ئاشکراشە بەشداری گفتوگۆی چەندین نامەی

ماجستێر و تێزی دکتۆرای کردووە، کە تێیاندا یان ئەندام بووە یاخود زۆرینەی جار سەرپەرشتیار و سەرۆکی لیژنە بووە، جا بۆیە لەم بوارەشدا سەدان قوتابی پێگەیاندووە و ڕێگەی زانستی پێنیشانداوون[١٧]. پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد پسپۆڕییەکەی لە بوای مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردە، هەرچەندە سەرەتا حەزی لە مێژووی کۆن کردووە، هەروەکو خۆی بۆمانی دەگێڕێتەوە, ئەم حەز و خولیایەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری، بەڵام وادیارە دواجار ئەم قۆناغە مێژووییە نەبووە بە قیسمەتی, ئەوە بوو پاشان بوو بە مێژوونووسێکی گەورە و دیار و کاریگەری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد[١٨].

جگە لەوەی کەوا نووسین و بەرهەمی لە بارەی ئەم قۆناغە مێژووییەوە هەیە، بەڵکو نووسین و بەرهەمی تریشی هەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم قۆناغە مێژووییەدا. ڕەنگبێ زێدەڕەوی نەکەین ئەگەر بێتو بڵێین جارێکی تر وا بە ئاسانی کەسێکی تر وەکو پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بەئاسانی بۆ کورد و کوردستان نایەتە بەرهەم، هەروەکو چلۆن کۆمەڵناسێکی تری وەك د. عەلی وەردی بۆ عێراقییەکان دروست نابێتەوە، کە ئێمە دەمێکە بە نووسینەکانییەوە سەرسامین، زۆرینەی بەرهەمەکانیشی هەر لە قۆناغی زانکۆدا خوێندومانەتەوە، بۆ ماوەیەکیش یەکێك بووین لە دەروێشە توندڕەوەکانی و بەرگرییەکی باشیشمان لێدەکرد. هەر کەسێك ئەگەر بە ووردی بەرهەمەکانی نەخوێنێتەوە، هەرگیز تێناگات کە ئەم کابرایە کێیە و چۆن ئەم بەرهەمانەی نووسیوە ؟!

جا بۆیە زۆر دوورناکەوینەوە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین پ.د. کەمال مەزهەر بە زیندووکەرەوە و زەنگلێدەری مێژوونووسی کورد و بە باوکی ڕۆحی و جەستەیی مێژووی نەتەوەی کورد دابنرێت، چونکی تەواوی تەمەنی خۆی تەرخان کردووە بۆ مێژووی نەتەوەکەی. سەیر لەوەدایە نێوبراوو هێندە لای میللەتانی غەیرە کورد ناسراوە و نرخێنراوە، نەتەوەی کورد بۆخۆی هێندە بایەخی پێنەداوە, یاخود وەکو پێویست هەقی ئەم مرۆڤەیان نەداوە. ئەو نەك هەر باوکی ڕاستەقینەیی مێژووی کوردە، بەڵکو لە مێژوونووسە ناوازە و دەستەبژێرەکانی عێراقە, بگرە لە دەرەوەشدا نێو و بەرهەمەکانی نامۆ نییە بەلای خوێندەوارانەوە. ئێمە کاتێك دەڵێین خۆی تەرخان کردووە بۆ کاری مێژوونووسی کورد و کوردستان، دیارە هەر لە خۆمانەوە ئەم وتەیە دەرنابڕین، چونکی ئەم پیاوە چەندین جار هەلی بۆ دەڕەخسێت و بۆیشی دەلوێت کە پلەوپایە وەربگرێت، چەند جارێکیش داوای لێکراوە کەوا لە پلەوپایە نزیکبێتەوە، کەچی ئەم بە لووتفێکی زۆر جوانەوە ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێت: من خەریکی کاری خۆمم(١٩).

جێگای خۆیەتی پ.د. کەمال مەزهەر ببێت بە چرایەکی ڕووناکی نێو ژوورە تاریکەکانی مێژوو و مێژوونووسی کورد و کوردستان، چونکە جگە لە کارەکانی خۆی، چەندین کاری مێژوونووسی تری کوردیی پێنیشان داوین. نێوبراوو جگە لەوەی کە ناتوانرێت بە ئاسانی مافی خۆی بدرێتیٚ لە بواری مێژوونووسیدا، بەڵکو بەسانایش ناکرێت لە هەڵسوکەوتیدا بەها و نرخێکی گوونجاوی پێشکەش بکرێت، کە پاداشتی خۆی پێوەربگرێتن. ئەو چۆن ئەرکی ئەو ناو و ناوبانگییەی خۆی داوە کە بەڕاستی شیاووی زیاترە، ئاوەهاش نرخی مرۆڤبوونی

خۆی داوە و سەلماندوویەتی کە بە ڕاستی لە ژیاندا وەکو مرۆڤێك بە واتای ووشە بژێت، جا هەقی خۆیشییەتی پەیکەرێك لە زێڕی بۆ دروست بکرێت.

## تەوەرەی دووەم: خستنەڕووی نووسین و بەرهەمەکانی

لە ڕاستیدا ناکرێ لێرەدا تەواوی نووسین و لێکۆڵینەوە و بەرهەمەکانی نێوبراوو هەر هەمووی بخرێتەڕوو و گفتوگۆی لە بارەوە بکرێ، بەڵام دەشێ زۆرینەیان بە خوێنەر بناسرێت و ئاماژە و پێناسەیەکی کورتی بۆ بکرێت. پ.د. کەمال مەزهەر هەروەکو لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، یەکەم ووتاری لە نەشرەیەکی قوتابخانەدا بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: بمخوێننەوە, لە ساڵی (١٩٥٣)ی زایینی بووە، کە باسی مامۆستای تێدا کردووە[٢٠]، واتە دەکرێت بڵێین لەو ساڵەدا یەکەم ووتاری نێوبراوو دەخوێندرێتەوە.

هەروەها یەکەمین ووتارە مێژووییەکانیشی, هەروەکو تێبینی دەکرێت لە گۆڤاری (بڵێسە)دا بووە لە ساڵی (١٩٥٩)، لەوانەش وەکو: دەوری کورد لە مێژووی شارستانێتیدا, هەروەها سەرنجێکی مێژوویی لە زمانەکەمان[٢١]، لەپاش ئەم ساڵەشدا کە ڕوو دەکاتە یەکێتی سۆڤییەت، لەوێندەریش خۆی بە نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەرقاڵ دەکات و تا پێی کرابا خزمەتی زانست و کوردی کردووە, باتەکانی خۆی لەوێ بە زمانی ڕووسی بڵاودەکاتەوە، جا بۆیە کۆمەڵێ ووتار و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی بزووتنەوە و دۆزی کورد لە گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا)دا بڵاوکردۆتەوە, یان لە گۆڤاری (هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤییەتی)دا[٢٢].

ئەو کاتەش کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە بەغداد وەکو مامۆستا لە زانکۆدا وانە دەڵێتەوە، دەست دەکاتن بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکاندا، بۆ نموونە ساڵانی حەفتا, زۆربەی بابەتەکانی لە ڕۆژنامەی (التآخي)دا بڵاوودەکردەوە[٢٣]، ئەو ووتار و باسانەی کەوا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی دەکردەوە، بریتی بوون لە (برایەتی)، (ڕۆژی کوردستان)، (بەیان) و (هاوکاری)، هەروەها ژمارەکانی گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)یش بە بەردەوامی بێ لێکۆڵینەوەی ئەو نەبووە، کە باس و لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ کوردستان و کورد بووە[٢٤]. هەروەها لە (ڕۆشنبیری نوێ)، (کاروان)، (الثقافة الجديدة)، (افاق عربية) و (مجلة المجمع العلمي الكردي)، بابەتەکانی جێگەیان دیار و بەهادار بووە[٢٥].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەوە, بۆمان بەدیاردەکەوێت پ.د. کەمال مەزهەر لە مێژەوە خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە و تێڕامان و تێفکرینی تایبەتی خۆیەتی، کە هەر هەمووشی لە خزمەتی مێژوو و مێژووی کورد بووە، بە کوورتی دەکرێ بڵێین نێوبراوو هەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە بابەتەکانی بڵاوکراوەتەوە، نووسینەکانیشی بە زمانی کوردی, عەرەبی و ڕووسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە و بەرچاوی خوێنەر کەوتووە، بابەتەکانیش زیاتر ووتار و لێکۆڵینەوەی زانستی بوونە، زۆرینەی زۆریشی لەبارەی مێژووی کورد و کوردستان و بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بووە.

وێڕای هەموو ئەمانەش، پ.د. کەمال مەزهەر بەشێك لە ووتارەکانی بە بێ ناوی خۆی و بەشێکیشیان بە نێوی (ك) بڵاوکردۆتەوە[٢٦]، وا پێدەچێت ئەمەشیان هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووبێت. جگە لەمانەش

نێوبراوو بەشداری چەندین کۆڕ و سیمینار و کۆنگرە و گفتوگۆی نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرای کردووە, هەروەها چەندین چاوپێکەوتن و دیدەنی هەمەجۆری لەگەڵدا کراوە، ئەمە جیا لەوەی کەوا چەندین لاپەڕە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە قسەکردن و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی نووسینەکانییەوە پڕکراوەتەوە[٢٧]. واتە ڕوونتر بڵێین ئەو نووسینانەش کە لەبارەی قەڵەمەکەی نێوبراوەوە تۆمارکراوە، شایانی باسکردن و گفتوگۆکردنە، چونکی ئەو نووسینانەش جگە لەوەی بەشێکیان بریتی بووە لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی نووسینێکی بالاّ، بەڵکو بەشێکیشیان بریتی بووە لە سەرقاڵکردنی نووسەران و سەرسامکردنیان بەو جۆرە نووسینانە، ڕاستە هەندێ نووسینیش بریتی بووە لە ڕەخنە و توانج لە نووسینەکانی نێوبراوو، بەلاّم بە تێڕوانینی ئێمە زۆرینەی زۆری تەنانەت دووریشن لە چوارچێوەی ڕەخنە.

شایانی باسە، لەم سالاّنەی دواییدا لە کوردستان ژمارە سێ (٣)ی بلاّوکراوەی (ڕۆڤار) بۆ پ.د. کەمال مەزهەر تەرخان کرابوو، کە بلاّوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێك دەریدەکاتن، ئەو ژمارەیە بە نێونیشانی: کەمال مەزهەر و ناخی مێژوو بوو[٢٨]. دەکرێ بڵێین ئەم باسەی کە خرایە ڕوو، گەشتێك بوو بە نێو ئەو ووتار و باس و لێکۆڵینەوانەی نێوبراوو، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی, عەرەبی و ڕووسییەکان بلاّویکردۆتەوە، یاخود دەتوانین بڵێین چاوپێخشاندنێك بوو بۆ پشکداری پ.د. کەمال مەزهەر بە دونیای ڕۆژنامەگەرییەوە. حەز دەکەین لێرە بە دواوە ئیدی خوێنەر پەلکێش بکرێت بۆ ئاشنابوون بە بەرهەمەکانی و ئەو کتێبانەی کە لە ماوەی ژیانیدا بە چاپ گەیشتووە.

لە هەندێ شوێن و جێگادا وا باسکراوە کەوا ژمارەی کتێبەکانی هەتاوەکو ئێستا خۆی دەدات لە (٣٠) سی بۆ (٥٠) پەنجا کتێب [٢٩]، جا لێرەدا هەوڵدەدەین زۆرینەی ئەو بەرهەمانە بخەینەڕوو.

نێوبراوو یەکەم بەرهەمی کە بە شێوەی کتێب چاپ کرابێت، دکتۆرای یەکەمییەتی کە بە زمانی ڕووسی لە ساڵی (١٩٦٧)دا چاپ کراوە[٣٠]، جگە لەوەی کە یەکەمین کتێبییەتی، بەڵکو ئەم بەرهەمە هەرایەکی باشی نایەوە لە نێوان مێژوونووسانی ئەو دەمە. لە ساڵی (١٩٧٥)دا لە بەغداد کتێبێکی بە زمانی کوردی چاپ کرد بە نێوی: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا[٣١]، ئەم بەرهەمە زۆری لە بارەوە ووتراوە، لە ڕاستیدا کتێبێکی گرینگ و پێویستە, گەورەترین کەلێنی پڕکردەوە، هەر بۆیە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی, تورکی و ئینگلیزی. هەروەها ئەو بەشەشی کە لەسەر کوشتاری ئەرمەن بووە، وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی فەڕەنسی و ئەرمەنی[٣٢]. لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا ئەم بەشە دەکاتە بەشی پێنجەم بە نێوی: الكرد والدم الارمني المراق، ئەم بەرهەمە لەلایەن بەڕێز (محمد الملا عبدالكريم)ەوە کراوە بە عەرەبی[٣٣]، جگە لە کەسایەتی نووسەر و بەرهەمەکەی، لەم کتێبەدا ڕۆڵی بەڕێز موحەممەدی مەلا عەبدولکەریمیش دیارە، چونکە نووسەرەکەش بۆخۆی دەڵێ گیانی کردووە بە بەریدا[٣٤].

ساڵی (١٩٧٧) نێوبراوو کتێبێك بە ناونیشانی: ثورة العشرين في الاستشراق السوفيتي, لە بەغداد چاپ دەکات[٣٥]، هەروەها لە هەمان ساڵدا کتێبێکی (أ.شاميلوف)ی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، کە لە بەغداد چاپ کرا، ئەم کتێبە بە ناونیشانی: حول مسألة الاقطاع بين الكرد بوو[٣٦]. ساڵی (١٩٧٨) لە بەغداد دوو کتێبی تری بە چاپ گەیاند,

یەکەمیان بە نێونیشانی: أضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط, دووەمیان بە ناونیشانی: دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية بوو[٣٧]. لە ساڵی (١٩٧٨)دا پ.د. کەمال مەزهەر بیری بە لای ئەوەدا چوو کەوا چۆن ئاوڕێکیش لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیش بداتەوە، هەر بۆیە لەم بارەیەشەوە بەرهەمێکی تری پێشکەشی خوێنەرانی کورد کرد بە ناونیشانی: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا, لە بەغداد چاپ کرا [٣٨].

هەروەها لە ساڵی (١٩٧٩)دا لە بەغداد بەرهەمێکی تری بە زمانی عەرەبی خستە بەر دیدی خوێنەران بە نێوی: النهضة[٣٩]، ئەم بەرهەمە لەلایەن بەڕێز (فوئاد مەجید میسری)یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی, چەند جارێکیش چاپکراوەتەوە[٤٠]. ڕەنگبێ زێدەڕەوی نەکەین ئەگەر بڵێین زیاتر لە (١٠) دە جاران ئەم کتێبەمان خوێندبێتەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەرچەندە ئێرە جێگەی ئەوە نییە لەسەری بدوێین، بەڵام ئێمە سەیرمان بەوە دەهات ئاخۆ نووسەر چلۆن بەم بوختییە توانیوویەتی زۆر باس بووروژێنێ ؟! یان چۆن هەتاوەکو هەنووکەش نرخ و بەهای خۆی لە دەست نەداوە. نووسینێك نییە شان لە شانی بداتن، ئێمە زۆرجاران بەراوردمان دەکرد لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا، کەچی لەزەتی لەلامان هەر زیاتر و بەنرختر و زانستی تر دەبوو.

ئەم جارەیان ڕوومان بەرەو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەچەرخێنین و ئاوڕێکی خێرا لە بەرهەمەکانی مێژوونووسی گەورەی کورد پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەدەینەوە. دەبینین لە ساڵی (١٩٨١)دا هەر لە بەغداد کتێبێکی تری بە زمانی کوردی دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد و دۆستانی، ئەم بەرهەمەش بە ناونیشانی: ئافرەت لە مێژوودا، دیارە

نووسەر ئارەزووی ئەوەی کردووە کەوا ئاوڕێك لە پرسی ئافرەت بە گشتی و بە تایبەتی ئافرەتی کورد بداتەوە، ئەم بەرهەمە کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا باسی ڕۆڵ و گرنگی ئافرەت دەکاتن لە مێژوودا. پێشکەشی کردووە بە ئافرەتی سەربەرزی کورد–بەو دایك و خوشك و کیژە دڵسۆزانەی سەرمان پێیان گەیشتۆتە کەشکەلانی فەلەك[٤١]. هەر لە هەمان ساڵدا کتێبێکی تری بە نێوی: الطبقة العاملة العراقية–التكون و بدايات التحرك, لە بەیروت چاپ کرد، کە بە گشتی باس لە چینی کرێکارانی عێراقی دەکات، بێگوومان ئەم بەرهەمەش یەکێکە لەو بەرهەمانەی کەوا جێگەی دیار و بەرچاوی هەیە, لەلایەن بەڕێز (فوئاد مەجید میسری)یەوە کراوە بە کوردی[٤٢].

هەر لە ساڵی (١٩٨٣)دا بوو کەوا بەرهەمی: مێژوو, هاتە بەر و کەوتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد، ئەم کتێبە کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژووە، کەوا نووسەر لە بەغداد چاپی کردووە، ئەم بەرهەمە هەر ئەو وێنەیەی کە لە بەرگەکەی دایە، بۆخۆی قسە و باسێکە و پێویستی بە باسکردن هەیە، کە وێنەی داربەڕووە. پێشکەشی کراوە بە یادی پیرۆزی شەرەفخانی بیدلیسی، مەلا مەحموودی بایەزیدی و موحەممەد ئەمین زەکی، ئەم بەرهەمە هەرچەندە بە زمانێکی سادە و ساکار و پاراو نووسراوە، بەڵام دەشێ بڵێین خوێندنەوەی یەکەم جاری, هەر یەکتر ناسینمان بێت و پێویست بکات زۆر گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، زۆربەی زۆری ئەو باسانەی کە لەم بەرهەمەدا دەخوێندرێتەوە، هەتاوەکو هەنووکەش باسی لێوەنەکراوە و نەخراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و مشتومڕکردن. ئەم بەرهەمە لە (٣) سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم و دووەمی بە شێوەیەکی گشتی بۆ مێژوو تەرخانکراوە بە

قۆناغە جیاجیاکانییەوە، بەڵام بەشی سێیەمی تەرخانکراوە بۆ کورد و مێژوو، لە کۆتایشدا کورتەی بیبلیۆگرافیای مێژوونووسی کوردیمان بەرچاو دەکەوێت، بە ڕاستی کارێکی زۆر پێویستە، ئەم بەرهەمە زۆر هەڵدەگرێت بەڵام ئێرە جێی زۆر ووتنی نییە[٤٣].

هەروەها ساڵی (١٩٨٤) کتێبی: مکیافیلي والمکیافیللیة, لە بەغداد بە چاپ گەینرا، ئەم بەرهەمەش جێگەی سەرسامی زۆر لە بیرمەندان و نووسەرانی ئەو کاتە بووە[٤٤]. لە ساڵی (١٩٨٥) دا هەر لە شاری بەغداد دوو کتێبی تری بڵاوکردەوە، کە یەکێکیان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەوی تریشیان بە زمانی کوردی بوو، ئەوەی یەکەمییان: دراسات في تاریخ إیران الحدیث و المعاصر بوو[٤٥]، ئەوەی دووەمیان: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد, کە بەشی یەکەمیی بووە[٤٦].

هەر لە ساڵی (١٩٨٧)دا کتێبی: صفحات من تاریخ العراق المعاصر, لەشاری بەغداد بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی شیکارییە[٤٧]. لە ساڵی (٢٠٠١)دا کتێبی: انتفاضة (١٩٢٥) في کردستان ترکیا, لە بەیروت چاپ کرا، کە ئەمەشیان دیسان چەند لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە[٤٨]. هەر لە هەمان ساڵدا, بەرگی دووەمی بەرهەمی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، لەلایەن بەڕێز (عەبدوڵڵا زەنگەنە)وە ئامادەکراو و لە هەولێر بە چاپ گەینرا و کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە[٤٩]. هەروەها کتێبێکی تریشی لەلایەن بەڕێز (ئازاد عوبێد ساڵح)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی بە نێوی: خەباتی ڕزکاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران[٥٠].

لەم ساڵانەی دواییدا بوو, پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بەرهەمێکی تری بە چاپ گەیاند لە چاپخانەی (رینوین)، بەڵام واپێدەچێ ساڵی چاپی

دیار نەبێت، ئەم بەرهەمەش بە نێوی: كركوك وتوابعها-حكم التاريخ والضمير-دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، بەشی یەكەمی بوو[٥١]. وابزانم دەمێكە سەرقاڵی نووسینی بەرهەمێكە لە بارەی كەركوكەوە، هەروەكو باسدەكرێت لە ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٢)وە پێیەوە خەریكە[٥٢]، ئەم كتێبە جوانترین و بەهادارترین دیارییە كەوا نووسەرەكەی خستبێتییە بەر دیدی خوێنەران، باشترین دیاریشە بۆ میللەتی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی نەتەوەی كورد، چونكی پێشكەش كراوە بەو عەرەبانەی كە نایانەوێ زۆرداربن، بەو ئەندازەیەی نایانەوێ زۆرلێكراوبن ! ئەم بەرهەمە نرخ و بەهای لە گووتندا نایەت، هەرچەندە زۆریشی لەبارەوە گوترابێت، بەڵام هێشتا هەقی خۆی پێنەدراوە. جێگەی باسە, بەرهەمەكە تەرجەمەی سەر زمانی توركی كراوە[٥٣]. لە ڕاستیدا خودی بەرهەمەكە لە چوار بەرگ پێكدێت، هەتاوەكو ئێستا بەرگی یەكەمی بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەرگەگانی تریشی لە تەواوبوون دایە. بەرگی دووەمیشی هەر لەبارەی كەركوكەوە دەبێت، بەڵام بەرگی سێیەمی لەسەر خانەقین دەبێت, دوا بەرگیش كە بەرگی چوارەمە لەمەڕ ئێزیدییەكانی شنگالەوە دەبێت[٥٤].

هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٤)دا, كتێبێكی تری كە لەلایەن بەڕێز (فوئاد مەجید میسری)یەوە وەرگێڕدرابوو، دووبارە لە سلێمانی چاپكرایەوە، جگە لەم چاپەی بەردەستمان, دیارە چاپی تریش كراوە بە ناونیشانی: ڕێنیسانس-لەگەڵ باسێكی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەركەكانی قۆناغ)[٥٥]. هەروەها ساڵی (٢٠٠٩), پ.د. كەمال مەزهەر ئەحمەد دوو كتێبی تری كردە دیاری بۆ خوێنەران و دۆستانی كورد و كوردستان، یەكێكیان بە ناونیشانی: بستێكی خاكی كوردستان بە هەموو دونیا

ناگۆڕمەوە بوو، کە بریتییە لە کۆمەڵێك دیمانە و گفتوگۆ لەگەڵ نێوبراوودا، لەلایەن بەڕێز (عەبدوڵلاّ زەنگەنە)وە ئامادەکراوە و بە چاپ گەیەنراوە[٥٦]. ئەویتریشیان بە نێوی: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، کە بەرگی یەکەمیەتی، بەهەمان شێوە لە لایەن بەڕێزانەوە: عەبدوڵلاّ زەنگەنە و هاوسەری بەڕێزی پ.د. کەمالەوە بەڕێز (شەهلا تاهیر حەیدەری)یەوە ئامادەکراوە، هەردووکیان لە لوبنان بە چاپ گەیەنراوە، ئەم بەرهەمە باسەکانی زۆرینەی زۆری نوێن، واتا بابەتگەلێکن هەتاوەکو ئەم ساتە بە لای خوێنەران و مێژوونووسانەوە نامۆیە, چونکە نووسەر هەوڵیداوە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیا بە خوێنەر ئاشنا بکاتن[٥٧]، هەرچەندە زۆری لە بارەوە ووتراوە و زۆریشی لەسەر نووسراوە، بەلاّم هێشتا بە تەواوی نرخی خۆی نەدراوەتیّ و بە باشی هەڵنەسەنگێنراوە.
ئەم بەرهەمە هەروەکو نووسەر خۆی دەڵێت: خودا تەمەن بدات بەرگی (٢-٣-٤-٥)یشی بە دوادا دەردەچێت[٥٨]، چونکە لەگەڵ هاوسەرە بەڕێز و ماندوونەناسەکەیدا، بە هەزارەها بەڵگەنامەی نهێنی حوکومەتی بەریتانیایان هێناوە، لەو ئەرشیفخانەیەی کە هەر دوایی نایەت. پ. د. کەمال مەزهەر وێڕای ئەوەی کەوا خەریکی تەواوکردن و کارکردنە لەسەر بەرگەکانی تری ئەم بەرهەمە، بەڵکو سەرقاڵی مشوورخواردنی بەرگی دوو و سیّ و چواری بەرهەمی کەرکوکیشە.
لەهەمان کاتدا بە تەمایە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، ئێستا کاری لەسەر دەکات و ناویشی لێناوە: لە پەراوێزی کوردایەتیدا-لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر، کە پێشکەشی بەڕێز و بەئەمەك (شەهلا)ی هاوسەری کردووە[٥٩]. نێوبراوو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا،

بەشداری زۆر کتێبی تریشی کردووە، کە تێیدا یان پێشەکی بۆ نووسیووە یاخود پێداچوونەوەی بۆ کردووە, یان هەر کارێکی تری لەم شێوەیە, بۆ نموونە کتێبی: هەندێك بیر و باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە، کە پڕۆفیسۆر (قەناتی کوردۆ-کوردۆیێڤ) نووسیوویەتی و خوالێخۆشبوو (ئەوڕحمانی حاجی مارف) کردوویە بە کوردی و پێشەکی بۆ نووسیووە، پ.د. کەمال مەزهەریش پێداچوونەوەی بۆ کردووە، کتێبەکە لە بەغداد ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) چاپ کراوە[٦٠].

یان کتێبەکەی: نوري السعيد و دوره في السياسة العراقية عام (١٩٣٢-١٩٤٥), کە (سعاد رؤوف شير محمد) نووسیوویەتی و نێوبراوو پێداچوونەوەی بۆ کردووە و ساڵی (١٩٨٨) لە بەغداد بە چاپ گەیشتووە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماجستێرە، پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغداد کراوە، کاتی خۆی لە ساڵی (١٩٨٥)دا پلەی نایابی بەدەست هێناوە لە مێژووی نوێدا، کە پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرپەرەشتی کردووە[٦١]. یاخود کتێبی: مذكرات فؤاد عارف، کە نێوبراوو (تقديم وتعليق)ی بۆ نووسیووە، ئەم بەرهەمە بەشی یەکەمییەتی کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا لە دهۆك چاپ کراوە[٦٢]، نێوبراوو لە ئێستادا خەریکی بەرگی دووەمیشیەتی. یان کتێبەکەی (د. راهي مزهر العامري) بە ناونیشانی: مسعود محمد و دورة السياسي في العراق (١٩١٩-١٩٦٨)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە، نێوبراوو پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسیووە، لە ساڵی (٢٠٠٨)دا چاپ کراوە[٦٣]، ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر کەم بوون، دەنا بەشداری چەندین کتێبی ناوازەی تری کردووە.

## تەوەرەی سێیەم: چەند تێبینییەك لەمەڕ ژیان و بەرهەم و نووسینەکانی

ئەم مێژوونووسە گەورەیەی کورد هەر لە قۆناغی منداڵییەوە، دەست و پەنجەی لەگەڵ خوێندن و زانستدا نەرم کردووە، تەمەنی منداڵی لە شاری سلێمانی بردۆتە سەر، پاشان بە هۆی تەواوکردنی خوێندن و بەردەوامبوون، ڕوو دەکاتە شاری بەغداد، بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵان بە ئەوپەڕی سەرکەوتوویی ژیانی زانستی خۆی دەباتە سەر. هەر ئەم سەرکەوتنە وای لێدەکات ڕەوانەی یەکێتی سۆڤییەت بکرێت بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، لەوێندەریش بۆ ماوەی نزیکەی (١٠) دە ساڵ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەشدا توانی بەوپەڕی لێهاتوویی دوو بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت.

ئەگەر تێبینی بکەین، دەبینین پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بە هۆی خوێندنەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دوور و درێژ لە بەغداد و یەکێتی سۆڤییەت–ڕووسیا ژیان دەگوزەرێنێ، بێگوومان لەم ماوەیەدا بە باشی و دروستی فێری زمانی عەرەبی و ڕووسی دەبێت، ئەمە جیا لەوەی کەوا ئاشنای کولتوور, مێژوو, زمان و دابونەریتیان دەبێت، تاڕادەیەکی باشیش ئاگاداری ئەو نووسینانە دەبێت کە بەم دوو سێ زمانە نووسراون.

هەروەها شوێنێکی وەکو شاری سلێمانی یاخود بەغداد یان یەکێتی سۆڤییەت، جێگایەکی ئاسایی نییە، بێگوومان وا لە مرۆڤ دەکاتن بە

شێوەیەکی تر بڕوانێتە ژیان، ئەگەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ شوێن و جێگاکانی تر، چونکی تەنانەت مرۆڤ لە ڕووی کۆمەلأیەتیشەوە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، جا ئەم گەشتانە وای لە نێوبراوو کردووە کەوا مرۆڤێکی ئاسایی نەبێت.

ئێمە وایدەبینین کەوا قەدەر گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆڵی گێڕاوە لە ژیانیدا، کەوا بەم قۆناغانەدا تێپەڕێت، بەلأم لەگەڵ بوونی ئەم هەلە یاخود پەیدابوونی ئەم قەدەرە بۆی، بە تەنها بەس نەبووە, بەڵکو پێویستی بەوە دەکرد کەوا هەوڵدانیشی لەگەڵدا بێت و ئاوێتەی یەکتر بکرێت، ئەوجا دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێدەکەوێتەوە یان داهێنان دێنێتە بەرهەم. چونکە زۆر جار مرۆڤ هەلی بۆ دەڕەخسێ بۆ کار و کردارێك، بەلأم کۆششی خۆیی لەگەڵدا نەبووە، یان زۆر جار وا هەڵکەوتووە مرۆڤێك بە هەموو تەمەنییەوە خەونی بە قەدەر و هەلێك دیبێ، کەچی هەر بۆی نەلواوە.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەوە, بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا پ. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەگەڵ بوونی ئەو قەدەر و هەلەدا، جوانترین و باشترین و لێهاتووترین ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە، دەشتوانین بڵێین ڕۆڵی خۆی هیچ کەمتر نەبووە ئەگەر زیاتر نەبووبێت لەو قەدەرە، چونکی ژمارەی ئەو کەسانە کەم نەبوون کە وەکو نێوبراوو هەلیان بۆ ڕەخسا, کەچی بە گوێرەی پێویست نەچوون بە پیرییەوە، وەکو ئەوەی نێوبراوو باوەشی بۆ کردبووەوە.

بە تێڕوانینی ئێمە ئەگەر پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد نەبوایە، کەسێکی تر وەکو ئەو بە ئاسانی دروست نەدەبوو. واشی دەبینین ئەگەر ئەم گەشتانەشی نەدیبایە, هەر لە کاری زانستی خۆی بەردەوام دەبوو.

نێوبراوو هەر لە سەرەتای هەفتاکانەوە کە دەگەڕێتەوە و دەبێت بە مامۆستای زانکۆ و وانە بە قوتابییەکان دەڵێتەوە، وێڕای ئەمەش کارەکانی کۆڕی زانیاری پشتگوێ نەخستبوو و گەلێك کاری باشی هێنابووە بەرهەم، بەڵام زۆری پێناچێ لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥)دا ڕوو دەکاتە چیاکانی کوردستان و لەوێندەریش خەریکی کاری ڕاگەیاندن دەبێت.

لەمەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کەوا نێوبراوو هەر بە ناو یاخود هەر بە نووسین و کاری زانستی، کوردێکی ڕەسەن نەبووە، بەڵکو بە لاشە و گیانیش کوردێکی بێگەرد بووە. هەر لەمەشەوە دیسانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا نێوبراوو پێشینەیەکی ڕۆحی و زانستی هەبووە بۆ زانستی مێژوو و مێژووی کورد و کوردستان لە ناخیدا چێنراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ڕەنگبێ خەڵکانێکی زۆر بپرسن: ئاخۆ بۆچی زۆرینەی تەمەنی لە دەرەوەی کوردستان یان لە تاراوگەدا بردۆتە سەر ؟

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە بە شێوەیەك لە شێوەکان جێی خۆی دەگرێتەوە، چونکی ڕاستە و گوومانیشمان لەوەدا نییە، کەوا نێوبراوو لە هەر شوێن و جێگایەکی ئەم جیهانە بێت، هەر خزمەت و ڕاژەی میللەتەکەی خۆی دەکاتن، بەڵام دیارە ئەم پرسیارە لە خۆشویستنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەیە بۆ نێوبراوو دەکرێ، پێیان حەیفە لێیان دوور بکەوێتەوە، چونکی ئێمە کەسی هاوشێوەی نێوبراوومان کەمە، ژیاننامە و بەرهەمەکانیشی گەواهیدەری ئەم ووتانەن، بەڵام ئەگەر بهاتبایە و لەپاش گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤییەت، یان لە پاش ساڵی سەرەتای هەشتاکانەوە کە ببوو بە پرۆفیسۆر، لە نێو کوردان و کوردستان بووایە،

وابزانم کاریگەری زیاتری دەبوو، چ بۆ لایەنی زانستی و چ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بڕوانینە ئەم پرسیارە، قارەمانی و لێهاتوویی ئەم پیاوەمان زیاتر بۆ بەدیاردەکەوێت، چونکی ئەو هەتاوەکو هەنووکەش نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری حیزب, ئایدۆلۆجیا, دەسەڵات, هزری عەشیرەتگەری و ناوبانگی، لە کات و شوێن و جێگای وادا کار و خزمەتی زانستی مێژوو و هەروەها میللەتەکەی کردووە، کە کارکردن تێیدا ئاسان نەبووە. جگە لەمەش، پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە ماوەی ژیانیدا، توانی و سەلماندیشی کە وەکو مرۆڤ دواجار وەکو کوردێکی پاك و ڕەسەن خۆی نیشان بداتن، دەیزانی بۆچی دەژێت و خۆیشی دۆزیبوویەوە کە کێیە و بۆچی دەشێت ؟ خەباتی ئەم پیاوە گەورەیە لە خەباتی هیچ کوردێکی تر کەمتر نییە کە خەباتی قەڵەمە.

نێوبراوو جگە لە کارە زانستییەکانی، ئەگەر وەکو مرۆڤێکی نەخوێندەواریش تەماشا بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، واتا وا سەیر بکرێ خوێندەوار و مێژوونووس نییە، کەچی دەبینین لەم دۆخەشدا نموونەی مرۆڤێکی ناوازە و دەگمەنە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا و بەو تەمەنەوە، ئێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەرمان لەوە سوڕدەمێنێ، ئاخۆ بەم تەمەنەوە، چلۆن هێندە بە لووتفەوە مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا دەکات ؟!

نووسین و بەرهەمەکانی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد قەڵەمێکی زانستی مێژوویی کوردە و زۆرجار چووە بە چاوی ناحەزانی نەتەوەکەی و ناحەزانی زانستدا، بەڵام بە بەردەوامی لە دڵ و دەروونی زانستپەروەر و مرۆڤدۆست بووە. نێوبراوو چ ووتار و باس بێت، چ لێکۆڵینەوە و کۆڕ و

کۆنگرە و چ کتێب بێت، بە سێ زمانی کوردی, عەرەبی و ڕووسی بەرهەمی هەبووە، ئەمە جیا لەوەی کەوا زۆر لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی تر.

نووسینەکانی بەشێوەیەکی گشتی زۆری لە بارەوە نووسراوە و گەلێك قسەشی لەسەر ووتراوە، زۆر جاران لەگەڵ چاپکردنی بەرهەمێکی، لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارەوە، نووسەران قسە و باسیان لە بارەوە کردووە یان بووە بە مایەی مشتومڕ و باس و لێکۆڵینەوە و لە گەلێك شوێندا لەلایەن کەسانی شارەزاوە بەرز نرخێنراوە، بەڵام لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەش، کەسانێك هەبوونە ڕەخنەی بێ سەر و بەریان لێ گرتووە. ڕاستە نێوبراویش وەکو هەر مرۆڤێکی تر, بەدەر نییە لە ڕەخنە و کەموکورتی و تەنانەت هەڵەشی کردووە، چونکی ئەم کاری کردووە و لە میانەی ئەم کارەیدا سەرکەوتووە و دەریشکەوتووە لە نێو مێژوونووساندا، کە بێگوومان تووشی هەڵەش بووە، جا بۆیە دەبێت هەڵە و کەم وکورتیشی هەبێت، هەر خودی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە شوێنێکدا، ووتەیەکی (لینین)-(١٨٧٠-١٩٢٤) دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ئەو کەسەی کە هیچ کارێك ناکات، هەڵە ناکات[٦٤].

وێڕای ئەمەش، هەتاوەکو ئێستا کەسێك نەهاتووە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییەوە، هەڵە و کەموکورتییەکانی ئەم مێژوونووسەمان بۆ بەدیاربخاتن، کە بێگوومان بۆ خۆیشی پێی خۆشە. تازە بمانەوێت و نەمانەوێت، نووسین و بەرهەمەکانی نێوبراوو، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، ئەگەر پڕکردنەوەی کەلێنێك نەبووبێت لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا، ئەوە بێگوومان داهێنانێك بووە لە نووسین، هەروەها تازەگەریشی پێوە دیار بووە. دەتوانین بڵێین هەروەکو چلۆن خۆی لە

کتێبی مێژووەکەیدا دەڵێ: مێژوو وەك خوێی چێشت وایە[٦٥]، ئێمەش وایدەبینین بەرهەمەکانی بۆ مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، بووە بە گەورەترین کەرەستەی خاوی مێژوونووسی، چونکی بە ڕاستی بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی گشتی لێوانلێوە لە ڕاستگۆیی زانستی، هەروەها لە نووسینەکانیدا بە حوکمی شارەزابوونی لە زمانەکاندا، چەندین کتێب و بەڵگەنامەی نهێنی بەکاردەهێنێ، کە دەگمەنن و هەندێکیشیان دانسقەن، تاڕادەیەکی زۆرباش بێ لایەنانە بابەتەکانی دەنووسێت و دوورە لە کاریگەری و فشارەکان.

ئەمە جیا لەوەی کەوا بە زمانێکی سادە و ئاسان دەنووسێ و دوورە لە ئاڵۆزی. یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم مێژوونووسە گەورەیە، ئەوەیە کە (پێڕستی ناوەکان) لە نووسینەکانیدا پەیڕەو دەکات، ئیدی ناوی کەسایەتی بێت یاخود ناوی شوێن یان هەر بابەتێکی تر بێت، کە ئەمە زۆر گرینگە و زۆر بە دەگمەن لە بەرهەم و نووسینەکانی ئەمڕۆدا بەدی دەکرێت.

وابزانم هەتاوەکو هەنووکەش، نەك هەر خوێندنەوەی تەواو بۆ بەرهەمەکانی نەکراوە، بەڵکو بە تەواویش مافی خۆیان وەرنەگرتووە، گوومان لەوەدا نییە کە دەبێ لە دواڕۆژدا چەندین لێکۆڵینەوە و نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرا لە بارەی نووسین و بەرهەمەکانییەوە بنووسرێ، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەشێ لێکۆڵینەوەی قووڵ و تێر و تەسەل، لەسەر تەنها بەرهەمێکی وەکو کتێبی: کرکوك و توابعها-حکم التاريخ والضمير-دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، یاخود پەرتووکی: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا بکرێت.

**ڕاستە پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بە نووسین و بەرهەمەکانی زۆر کەلێنی پڕکردۆتەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر مەسەلەی مێژوویی ماوە و تاڕادەیەکیش نەخراوە بە لایەکدا، یاخود دەتوانین بڵێین چەند پرسێ هەیە پێویستی بە قەڵەمی نێوبراوو هەیە نەك کەسانی تر، کە ئامانجیانە ئەو پرسە بشێوێنن, بۆ نموونە مەسەلەی کورد و پەیوەندیکردنی بە ئایینی ئیسلامەوە، بشێ هۆکاری خۆیشی هەبێت, بەڵام هەر پێویستە. گرینگیشە هەر لە ئێستاوە دەست بکرێت بە گردکردنەوەی بەرهەمەکانی و بە زووترین کات چاپ بکرێت، هەروەها پێویستە کتێبێك ئامادەبکرێت یان بۆ نووسین و بەرهەمەکانی خۆی, یاخود ژمارەی ئەو کتێبانەی کەوا لە کتێبخانەکەی دایە، چونکی ئەم کارە ئەگەر بۆ ئێستا زۆر گرینگ نەبێت، ئەوە لە پاشەڕۆژدا دەبێت ئاخ و داخی بۆ هەڵبکێشرێ، بەڵام بە هەڵسوڕانی ئەم کارە, نێوی باوکی مێژووی نەتەوەی کورد زیاتر گەشاوەتر و شەکاوەتر دەبێت.**

## تەوەرەی چوارەم: چەند ویستگەیەکی نوێ

نزیکەی پازدە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە و سێ ساڵیش بەسەر کۆچی دوایی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەددا تێدەپەڕێت. جێگەی باسە, لەو کاتەوە لە هەر شوێنێك بووبێتم, ئەوەی تایبەت بووە بە نووسراوەکانی نێوبراوو, هەوڵمداوە هەرچۆنێ بێت دەستی بخەم و سوودیان لێوەربگرم. ساڵی (٢٠١٢) بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی بەرز چوومە دەرەوەی وڵات, پاش تەواوکردنی خوێندنی زمانی ڕووسی, یەکێك لەو بابەتانەی بۆ نامەی ماستەرەکمم دەستنیشان کردبوو, بریتی بوو لە (نووسینەوەی مێژوو لای دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد), سەرەتا لەگەڵ سەرپەرەشتیار قسەم کرد و پاشان پەیوەندیم بە ڕەوانشاد و خێزانیی شەهلا خانیش کرد, ڕاستی زۆر بە لووتفەوە هاتنە دەممەوە و زۆریشیان پێ خۆش بوو, تەنانەت شەهلا خان بۆخۆیشی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی پێوە دەکردم بۆ ڕووسیا, بە داخەوە لە کۆتاییدا لەبەر چەند هۆیەك ناونیشانی نامەکەمم گۆڕی. لەم تەوەرە تازەیەدا, هەوڵدەدەین ئەو بەرهەمانە بخەینەڕوو کە دەچنە چوارچێوەی بابەت و نووسین و هەوڵەکانی دکتۆر کەمال مەزهەرەوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ نەکردووە. سەرەتاش نووسینەکانی خۆی چ لە شێوەی کتێبی سەربەخۆدا بێت یاخود بەشداریکردنی بێت بە بابەتێك دەخەینەڕوو.

١- كمال مظهر أحمد (اعداد وتقديم): مذكرات أحمد مختار بابان, بيروت, (١٩٩٩)[٦٦].

٢- هند غسان أبو الشعر (أعداد وتحرير): بناء الدولة العربية الحديثة- تجربة فيصل بن الحسين في سورية و العراق, الاردن, (١٩٩٩)[٦٧].

٣- ئازاد هيدايەت دەلۆ (ئامادەكردن). ديدارى ڕۆشنبيرى، بەرگى يەكەم، هەولێر، (٢٠٠٥)[٦٨].

٤- نيكۆلۆ مەكياڤيللى: مير-لەگەڵ لێكۆڵينەوەيەكى دكتۆر كەمال مەزهەردا، و: حوسێن عارف، هەولێر، (٢٠٠٦)[٦٩].

٥- كمال مظهر: موقف العراقين من النظام الفدرالي-مسح تأريخي فكري عام, كركوك, (٢٠٠٦)[٧٠].

٦- ڕەفيق ساڵح (ئامادەكردن): چى لە بارەى محەمەد ئەمين زەكى بەگەوە نووسراوە, سلێمانى, (٢٠١٠)[٧١].

٧- عەزيز نەسين: تورك لە بولگارستان كورد لە توركيا, وەرگێران و ئامادەكردنى: بەكر شوانى و سيروان رەحيم, هەولێر, (٢٠١٠)[٧٢].

٨- كمال مظهر أحمد (تقديم وتعليق): مذكرات فؤاد عارف, الجزء الاول والثاني, أربيل, (٢٠١١)[٧٣].

٩- حەيدەر عەبدولاّ شێخ وەسانى (ديمانە): ڕۆشنبيران و پەيامى نەمريى, هەولێر, (٢٠١١)[٧٤].

١٠- زانیار سەردار قڕگەیی: دکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە, ب.ش.چ, (٢٠١٣)[٧٥].

١١- کەمال مەزهەر: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا, ئامادەکردنی: شەهلا تاهر حەیدەری, بەرگی دووەم, هەولێر, (٢٠١٤)[٧٦].

١٢- شاسوار هەرشەمەیی: تەتەڵە-پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە لەسەر چەند لایەنێکی مێژووی ئەم گەلە, سلێمانی, (٢٠١٩)[٧٧].

١٣- كمال مظهر أحمد: محاضرات في تاريخ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين, بغداد, (٢٠٢٠)[٧٨].

١٤- كمال مظهر أحمد: رأي للمناقشة-الاطار الزمني لتأريخ العراق الحديث والمعاصر, بغداد, (٢٠٢١)[٧٩].

جێگەی باسە, کەمال مەزهەر پێشەکی و پێداچوونەوەی بۆ دەیان کتێبی زانستی نووسیووە, کە زۆربەیان لە بنەڕەتدا نامەی ماستەر و تێزی دکتۆران کە کاتی خۆی سەرپەرەشتی کردوون یان سەرۆك و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆکە بووە, هەندێکشیان کتێبی ئاسایین, لێرەدا چەند نموونەیەك لەو بارەیەوە دەخەینەڕوو.

١- صالح محمد حاتم: صحيفة (الاستقلال) في سنوات الانتداب البريطاني (١٩٢٠-١٩٣٢), رسالة ماجستير غير منشورة, بغداد, (١٩٨٥)[٨٠].

٢- کاوس قەفتان: چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان, سۆران, بۆتان، بەغدا، (١٩٨٥)[٨١].

١- عەزیز نەسین: تورك لە بولگارستان و كورد لە توركیا، و: بەكر شوانی و سیروان ڕەحیم، جەبار قادر پێشەكی بۆ نووسیوە، هەولێر، (٢٠١٠)[٢٧].

٢- سینان هاكان: كورد و بەرخودانەكانی (١٨١٧-١٨٦٧) لە بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و: بەكر شوانی، پێداچوونەوە و پێشەكی: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠١٢)[٢٨].

٣- زانیار قرگەیی (ئامادەكردن): دكتۆر كەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە-وتووێژ لەگەڵ زانا و مێژوونووسی ئەكادیمی كورد كەمال مەزهەر، پێشەكی: جەبار قادر، چاپخانەی شڤان، (٢٠١٣)[٢٩].

٤- هاوكار محێدین جەلیل: دۆزی كورد لە توركیا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٩)، هەولێر، (٢٠١٢)[٣٠].

٥- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی فەڕەنسادا، وەرگێڕان و پێشەكی و پەڕاوێز: نەجاتی عەبدوڵڵا: هەولێر، (٢٠١٣)[٣١].

٦- مونزور چەم: ئەمە لە دێرسیم ڕووی دا (لە دەمی قوربانییەکانەوە)، و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، پێشەکی: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠٢٣)[٣٢].

٧- میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازەرێف: کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣-١٩٤٥)، و: مەنسوور سدقی، پێشەکی و پێداچوونەوە: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠١٩)[٣٣].

٨- دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان: بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکووک (١٩٢١-١٩٥٨)، جەبار قادر پێشەکی بۆ نووسیوە، سلێمانی، (٢٠١٩)[٣٤].

٩- هۆشیار بەکر عەزیز: گەڕەکی شۆرجە-لێکۆڵینەوەیەکی ئێتنۆگرافی مێژوویی بایۆگرافییە، پێشەکی: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠٢٠)[٣٥].

١٠- ی.ئێ. ڤاسیلییێڤا: لیکۆڵینەوە لە شەرەفنامە و شەرفخانی بدلیسی لە دوو پێشەکیدا بۆ دوو بەرگی شەرەفنامەی ڕووسی، و: مەنسوور سدقی، پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠٢١)[٣٦].

١١- ی.ئی. ڤاسیلێڤا: کتێبە ونبووەکەی مێژووی کوردستان، و: مەنور سدقی، پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر، هەولێر، (٢٠٢٣)[٣٧].

١٢- عبدالفتاح علي البوتاني: القريب من تاريخ الموصل: قراءات في نصوص تأريخية معاصرة, مراجعة وتقديم: جبار قادر, أربيل, (٢٠٢١)[٣٨].

ئەو ووتارە سیاسی و مێژووییانەی لە ماڵپەڕە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکراونەتەوە, ووتارە کوردییەکان لە هەندێ لەم سایتانە بڵاوکراونەتەوە: (کوردستان نێت)، (دەنگەکان)، (ووتاری کورد)، (دیپلۆماتیك مەگازین)، (مێژووی کورد)، (تاراوگە) و لاپەڕەی تایبەتی جەبار قادر لە فەیسبووك, عەرەبییەکانیش زیاتر لە سایتی (الحوار المتمدن) بڵاوکراونەتەوە.

## چەند نموونەیەك لە ووتارەکان بە زمانی کوردی

١- جەبار قادر: کێ عەرەبە ؟ خوێندنەوەیەکە بۆ ووتاری ناسیۆنالیستی ساتیع ئەلحوسەری.

٢- جەبار قادر: شەمسەدین سامی و قاموسی ئەعلام و کاوەی ئاسنگەر.

٣- جەبار قادر: ئایە مۆدێلی برۆکسل بەکاری کەرکوك دێت ؟

٤- جەبار قادر: پڕۆژەی دەستوور و تێبینییە گشتییەکان.

٥- جەبار قادر: عێراقی فیدڕاڵ خۆتان خۆش...لێ سەرۆك بۆش سڵاوی هەیە.

٦- جەبار قادر: چارەنووسی کەرکوك نە لە ماددەی پەنجاوهەشت و نە لە دەستووردایە.

٧- جەبار قادر: لیستی باشترین زانکۆکانی جیهان و پڕۆژەی زانکۆی کوردستان.

٨- جەبار قادر: کوشتاری ئەرمەن و باری ئەوڕۆی کورد لە تورکیا.

٩- جەبار قادر: جێگیرکردنی سەرکەوتنی کورد لە کەرکوك.

١٠- جەبار قادر: لە ئەزموونی باشووری سودانەوە چی فێر دەبین ؟

١١- جەبار قادر: باقرۆف یاوەری ستالین و جەللادی کوردانی قەوقاز.

١٢- جەبار قادر: تورکیا دەیەوێت پارێزگاری کەرکوك بکوژێ.

١٣- جەبار قادر: بۆ دەبێ ڕێگە نەدەین سوپای تورکیا بێتە عێراق.

١٤- جەبار قادر: ڕیفراندۆم و پرسیارە بێ وەڵامەکان.

١٥- جەبار قادر: باشووری کوردستان: نە سەربەخۆیی و نە بەشێك لە عێراق.

١٦- جەبار قادر: شەڕی تورکیا لەگەڵ دونیا.

١٧- جەبار قادر: زانکۆکانی کوردستان و خوێندن بە کوردی.

١٨- جەبار قادر: کەرکوك و گێژاوی چاوەڕوانکراو.

١٩- جەبار قادر: کەرکوك لە دڵ و قودسی کوردستانەوە بۆ ڕاپرسی.

٢٠- جەبار قادر: دوو ڕەخنەی دۆستانە-میدیای کوردی و ڕۆشنبیری گەورە و کەسایەتی مەزن.

٢١- جەبار قادر: چیرۆك و بەسەرهاتی سی و دوو هەزار تورکەکەی سلێمانی.

٢٢- جەبار قادر: چارەنووسی کورد لە مس بێڵەوە بۆ مستەر برێمەر.

٢٣- جەبار قادر: لە بارەی دەوڵەتی کوردییەوە.

٢٤- جەبار قادر: چەند وێنەیەك بۆ مێژوو.

٢٥- جەبار قادر: تراژیدیای دکتۆر شەکراو لە کوردستان.

٢٦- جەبار قادر: خۆخۆری هەندێ لە میرانی کورد لە ئاوارەییدا.

٢٧- جەبار قادر: بەدرخانییە کەمالیستەکان.

٢٨- جەبار قادر: کورد و نازم حیکمەت-ئایە نازم حیکمەت برای شیریی کامەران بەدرخانە ؟

٢٩- جەبار قادر: دەتوانین چی بکەین بۆ کەرکوك ؟ لە سێ بەشدا.

٣٠- جەبار قادر: بۆچی هیتلەر بە ئەتاتورك سەرسام بوو ؟ ئەتاتورك لە خەیاڵی هیتلەر و نازییەکاندا.

٣١- جەبار قادر: هەندێ ڕاستیی مێژوو و جوگراف.

٣٢- جەبار قادر: کوژرانی میری مێژونووسانی کورد شەرەف خانی بدلیسی.

٣٣- جەبار قادر: ئەو ڕۆژانەی کەرکوك نیوەی باشووری کوردستان بوون.

٣٤- جەبار قادر: لە یادی حەفتا ساڵەی دکتۆر کەمال مەزهەردا.

٣٥- جەبار قادر: کەرکوك و نەفرەتی نەوت.

٣٦- جەبار قادر: نەوتی کەرکوك-چەند ساڵێك بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری.

٣٧- جەبار قادر: پاکتاوکردنی هاوڕێکان لە نێوان ئەتاتورك و ئەردۆگاندا.

٣٨- جەبار قادر: دەروێش مەحمود کەڵەچێری-ڕاوێژکارە کوردەکەی سوڵتان سلێمانی قانوونی.

٣٩- جەبار قادر: چیرۆکی ئەردۆگان و ئەردۆگانیزم لە تورکیا.

٤٠- جەبار قادر: کۆماری باشکوردستان.

٤١- جەبار قادر: پوتینیزم.

٤٢- جەبار قادر: بەڵگەنامەی نویێ لەسەر کوشتنی شەرەف خانی بدلیسی.

٤٣- جەبار قادر: کوشتاری ڕۆبۆسکی.

٤٤- جەبار قادر: دانیشتوانی کەرکوك بە پێی سەرژمێریی (١٩٤٧).

٤٥- جەبار قادر: کورد و سیندرۆمی ستۆکهۆڵم.

٤٦- جەبار قادر: هەوڵێك بۆ دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی عەرەب لە کەرکوك ساڵی(١٩٤٧).

٤٧- جەبار قادر: بۆ کورد وا زوو وره بەردەدا ؟

٤٨- جەبار قادر: دوا ڕۆژی کورد لە عێراقی سیستانیدا.

٤٩- جەبار قادر: ئەگەری جێبەجێ کردنی پلانی پاکتاوکردنی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان.

٥٠- جەبار قادر: ئەگەری کارکردنی کورد لە گەڵ پارتەکەی داوود ئۆغڵودا.

٥١- جەبار قادر: لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کورد چی بکات ؟

٥٢- جەبار قادر: بەرهەمێکی ناوازەی زانکۆی کێمبرج لە بارەی کوردەوە.

٥٣- جەبار قادر: لە یادی کوردناسی گەورەی ڕووسدا پرۆفیسۆر میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازەرێف.

٥٤- جەبار قادر: لە یادی کوردپەروەری گەورەدا دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی.

٥٥- جەبار قادر: لە یادی کوردناسی ڕووسدا خاتوو ئۆلگا ژیگالینا.

٥٦- جەبار قادر: لە یادی دکتۆر زوهێر عەبدولمەلیکی کوردپەروەردا.

٥٧- جەبار قادر: چیرۆکی ئەو کوردەی لە ساڵی (١٩٦٥) بۆ یەکەمین جار ئۆتۆمبیلی کارەبایی دروست کرد.

٥٨- جەبار قادر: پەیامەکانی پشت کوشتنی قاسمی سولەیمانی و مەهدی ئەلموهەندیس.

٥٩- جەبار قادر: لە یادی کۆڕەوەکەی بەهاری (١٩٩١)، ڕۆژمێری ڕەو–ئەزموونێکی تایبەت (تا ئێستا سێ ئەڵقەی لێ بلاْوکراوەتەوە).

٦٠- جەبار قادر: فەتحولاڵ گیولەن و دەوڵەت و کورد.

٦١- جەبار قادر: فەتحولاڵ گیولەن کێیە ؟

٦٢- جەبار قادر: یادەوەرییە تاڵەکان لە سێبەری دەسەڵاتی بەعسدا (تا ئێستا سێ ئەڵقەیان لێ بڵاوکراونەتەوە).

٦٣- جەبار قادر: چۆن دونیا ڕێگەیدا داعش ببێتە ئەو جانەوەرە ترسناکە, بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی ئاوێنە و چەندین سایتی کوردی بڵاوبۆتەوە.

٦٤- جەبار قادر: ئەردۆگان چۆن یارییەکەی دۆڕاند ؟

سەرباری ئەم ووتارانە, دەیان ووتاری تری پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر لەسەر لاپەڕە تایبەتەکەی خۆی لە فەیسبوک دەبینرێن, کە ڕۆژانە بۆ هاوڕێیانی لاپەڕەکەی دەیاننووسێ و باس لە ڕووداوەکانی مێژووی کورد و لێکدانەوەش بۆ ڕووداوە گەرمەکان دەکات، بەتایبەت ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە.

### هەندێك لە ووتارەکان بە زمانی عەرەبی

١- جبار قادر: كركوك: قرن ونصف من التتريك والتعريب.

٢- جبار قادر: الانفال: تجسيد لسيادة الفكر الشمولي والعنف والقسوة.

٣- جبار قادر: الانفال: نتائج آيديولوجيا البعث ونظامة الشمولي في (٣) حلقات.

٤- جبار قادر: أين الحقيقة في ما يكتب ويقال عن كركوك ؟ قراءة في وثائق حكومية رسمية.

٥- جبار قادر: سر الحملة على الكرد وتطلعاتهم القومية المشروعة.

٦- جبار قادر: اللاعقلانية في خطاب الجبهة التركمانية (في خمس حلقات).

٧- جبار قادر: قطع الرقاب ثقافة بعثية بإمتياز.

٨- جبار قادر: كركوك: تاريخ عريق وواقع مرير.

٩- جبار قادر: سر إقبال الأترك علي كتاب (كفاحي) لأدولف هتلر؟

١٠- جبار قادر: تقاطع المشروعين التركي والأمريكي في العراق.

١١- جبار قادر: مخاطر الإستعانة بالقوات التركية في العراق.

١٢- جبار قادر: رائدة اليسار التركي بهيجة بوران.

١٣- جبار قادر: كركوك من جديد.

١٤- جبار قادر: محنة أردوغان في إقناع العالم بتقلباته السياسية الحادة.

١٥- جبار قادر: العروبة ليست الشجرة التي تحتمي بظلالها الأقليات ! تعقيبا علي ماكتبه غسان الإمام.

١٦- جبار قادر: مطالب الشعب الكردي في العراق.

١٧- جبار قادر: الأبعاد الراهنة لمشكلة الأقليات القومية في كردستان العراق ! تعقيبا علي ماكتبة مهدي السعيد.

١٨- جبار قادر: السالنامات العثمانية وحكاية الوثائق النادرة عن كركوك !

١٩- جبار قادر: من حق موتانا علينا...ولكن ماذا عن كتاب الكرد في نظر العلم ؟ تعقيبا علي ماكتبة الدكتور عزيز الحاج.

٢٠- جبار قادر: السياسات الحكومية في كركوك في العهد الملكي.

٢١- جبار قادر: رأي رئيس الجبهة التركمانية فيها قبل أن يصبح رئيسا لها ؟

٢٢- جبار قادر: تركيا والكرد: ماذا بعد خسارة الجولة الأولى ؟

٢٣- جبار قادر: تصريحات وزير الحرب التركي: عنجهية فارغة وجهل بالتاريخ.

٢٤- جبار قادر: تركيا منزعجة من إتفاق كرد العراق !

٢٥- جبار قادر: الحديث عن الخزرجي (كارزايا) للعراق دليل على عدم الجدية.

٢٦- جبار قادر: حول قضية نزار الخزرجي.

٢٧- جبار قادر: الكردوفوبيا.

٢٨- جبار قادر: عود الى موضوع التركيبة الأثنية لسكان كركوك.

٢٩- جبار قادر: محاولات تركيا لزعزعة الإستقرار في كوردستان.

٣٠- جبار قادر: التهديدات التركية توحد تركيا.

٣١- جبار قادر: هل يصلح الموديل التركي أنموزجا للعراق ؟

٣٢- جبار قادر: الشوفينية والشيفونية الجديدة.

٣٣- جبار قادر: علوجيات (في أربع حلقات).

٣٤- جبار قادر: تركيا والاتحاد الاوربي: هل سدت أوروبا أبوابها نهائيا بوجه تركيا ؟

٣٥- جبار قادر: عبدالله گيول...صدام إقترح علينا العمل معا لإبادة الأكراد جميعا.

٣٦- جبار قادر: قناة الجزيرة والقضية الكردية.

٣٧- جبار قادر: فضائح إعلامية في برنامج الحوار المفتوح !

٣٨- جبار قادر: الإنتخابات والخطاب الإعلامي العراقي.

٣٩- جبار قادر: ملكة الكرد تواجة الكراهية بالدعوة الي المحبة: ثورترية إمرأة ثورية كوردية.

٤٠- جبار قادر: تركيا والانتخابات العراقية.

٤١- جبار قادر: هل تأخر حقا تشكيل الحكومة العراقية الجديدة ؟

٤٢- جبار قادر: بوصلة السيد الجعفري.

٤٣- جبار قادر: كركوك: بين حقائق التاريخ ومزاعم السياسيين.

٤٤- جبار قادر: حول أحداث كركوك الدامية في تموز (١٩٥٩).

٤٥- جبار قادر: غرباء كركوك وأصلائها بين المزاعم والإحصائيات الرسمية.

٤٦- جبار قادر: سياسة التطهير العرقي بين المباركين لها والدعين الى إزالة آثارها.

٤٧- جبار قادر: قراءة في تصريحات أردوغان حول القضية الكردية في تركيا.

٤٨- جبار قادر: هل يحق للمحكمة الإتحادية العلَيا العراقية إلغاء نتائج إستفتاء كوردستان ؟

٤٩- جبار قادر: هاهم يتذكرون أن الكردية لغة رسمية في العراق !

٥٠- جبار قادر: هل أصبح العراق محمية دولية لإيران وتركيا ؟

٥١- جبار قادر: أين الكرد من دولة المراجع والميليشيات.

٥٢- جبار قادر: بالإستفتاء أو من دونه...إصطدام الكرد بالحشد في حكم المؤكد.

٥٣- جبار قادر: من تزوير الشهادات الى تزوير مواد الدستور.

٥٤- جبار قادر: الإرهاب والكباب في كركوك.

٥٥- جبار قادر: القرارات السرية لمجلس قيادة الثورة المنحل.

٥٦- جبار قادر: هل تريدونها إسرائيل ثانية أم دولة صديقة ؟

شیاووی باسە, پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر چەند ووتارێکی بە زمانی ڕووسی, تورکی و هوڵەندیش بڵاوکردۆتەوە. نووسینەکانی جا کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی بن یا پێشەکیی کتێب و ووتار و لێکدانەوەی سیاسی بن، بەشێوەیەکی زانستییانە لە پرسەکان دەکۆڵێتەوە و پاشخانی زانستیی مێژوویی خۆی وەستایانە بەکار دێنێ. لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باس لە هەموو بەرهەمەکانی بکەین، بۆیە تەنها ئاماژە بە ووتارێکی دەکەین کە بەلای ئێمەوە بایەخێکی زانستی زۆری هەیە.

تەنها وەکو نموونە ئەگەر سەرنجی ووتاری (ڕووسیا و کورد: دوو سەدە لە پشتگوێخستن) بدەین، کە بە چوار ئەڵقە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا لە ژمارەکانی (٥١٢,٥١٣,٥١٤,٥١٥) لە ڕۆژانی (٢٠١٦/١/١٩) هەتاوەکو (٢/٩)ی هەمان ساڵ[٣٩] و دواتریش لە چەند سایتێکی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە. بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانە بابەتی زۆر قووڵ و سەرەنجڕاکێشن, لە هەمان کاتدا پڕن لە زانیاری وورد و نوێ و ڕاوبۆچوونی زانستیی نووسەری تێدا دەبینرێت, بۆیە دەکرێت بە ووتاری زانستی ناویان ببەین. ڕاستی ئاستی زانستی ئەم ووتارانە، ئەوە ئەهینێت لە داهاتوودا بە شێوەی کتێب چاپ بکرێن.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە, پ.د. جەبار قادر زۆر بە باشی توانای بەسەر زمانی عەرەبیدا دەشکێ, بۆیە بەشێك لە کتێب و لێکۆڵینەوە و ووتارەکانی لە بارەی دۆزی کوردەوە بەو زمانە بڵاوکردووەتەوە، بەمەش

کەلێنێکی باش پڕ ئەکاتەوە. چونکە زۆرترین خوێنەر دەیخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا گرنگە ئەوی دی بمانخوێنێتەوە و ئێمەش بۆچوون و شێوازی بیرکردنەوەی بزانین. بەداخەوە نەوەی نویٚ، زۆربەیان هەر بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە، بیٚ ئەوەی هەست بەوە بکەین، کە ئێمە بە تەنها بۆ خۆمان دەنووسین. بۆیە ئەو جۆرە نووسینانە زۆرجار ناتوانێت هیچ سنوورێکی جوگرافی تێپەڕێنێت و جێگەی خۆی بکاتەوە.

جێگەی هێما بۆکردنە، نێوبراوو باسی ژیان و قۆناغەکانی خوێندن و کار و چالاکی و بەرهەمەکانی لە چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ووتار و باسی تردا هاتووە, بۆ نموونە لە کتێبی: (بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە), ووتارەکەی دکتۆر جەبار قادر کە بە بۆنەی حەفتا ساڵەی تەمەنی دکتۆر کەمال مەزهەرەوە نووسیوە، کردوویانە بە یەکەمین بەشی ئەو کتێبە. لەو کتێبەدا, ئەم بابەتەی نێوبراوو کاتی خۆی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، چونکە زۆر بە ووردی و پوختی لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە دواوە[٤٠].

هەروەها لە کتێبی: (کوردستانێکی وونبوو-کوردەکانی قەفقاز وەك بەفر توانەوە)، کە (مەحمود نەجمەدین) ئامادەی کردووە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ پ.د. جەبار قادر لەم بارەیەوە کردووە. لە سەرەتادا ئامادەکار هەندێك زانیاری لە بارەی نێوبراوەوە خستۆتەڕوو, دواتر پ.د. جەبار قادر لە میانەی ئەو چاوپێکەوتنەیدا, کۆمەڵێك زانیاری وورد و زانستی خستۆتەڕوو لە بارەی کوردستانی سوورەوە[٤١]. بەهەمان شێوە لە کتێبی (جواد کاظم البيضاني: التاريخ والمؤرخون الكرد), ئەم نووسەرە

بەرەگەز عەرەبە، هەندێك زانیاری لە بارەی ژیان و قۆناغەکانی خوێندن و بەرهەمەکانییەوە خستۆتەڕوو[٤٢].

هەروەها لەم چەند ساڵەی دوایدا، چەند بەرهەمێکی تر لەو بارەیەوە بڵاوکرایەوە، بۆ نموونە: مێژوونووسی بەناوبانگی عێراقی (پ.د. عیماد ئەلجەواهیری) لە کتێبی: (قضايا فكرية وسياسية بأقلام كردية عراقية)دا، یەك تەوەرەی تایبەت کردووە بۆ ژیانی زانستی و بەرهەم و کار و چالاکییەکانی دکتۆر جەبار بە ناونیشانی: (التكامل في رسالة المؤرخ العلمية والسياسية الاستاذ الدكتور جبار قادر–تقويم منهجي لنتاج بحثي ومقالي حول القضية الكردية)[٤٣]. بە هەمان شێوە توێژەر و مێژوونووسی دیار (پ.د. ئەحمەد ناجی ئەلغرەیری) لە کتێبی: مجلة الأكاديمية الكردية وأثرها الفكري (١٩٧١–٢٠٢٢)، باسێکی بۆ نێوبراو تەرخانکردووە لەو بارییەوە[٤٤].

وێڕای ئەمەش، دکتۆر بەشدار عومەر قەرەناوی، لە تێزی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی: مێژوونووسین لای کورد لە عێراقدا (١٩٥٨–١٩٩٠)، کە دواتر بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاوکرایەوە، بابەتێکی تەرخان کردووە بۆ باسی ژیان و چەند بەرهەمێکی دکتۆر جەبار قادر[٤٥]. شیاووی باسە، توێژەر سوودی لەم بابەتەی ئێمە بینیووە، وەکو سەرچاوە بەکاری هێناوە. هۆشیار بەکر عەزیزیش لە کتێبێکی بە ناونیشانی: گەڕەکی شۆرجە، باسێکی تەرخانکردووە بۆ ژیاننامەی زانستی و چەند بەرهەمێکی نێوبراو[٤٦].

پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسماعیل موحەممەد حەسافیش بە هەمان شێوە، لە توێژینەوەیەکی زانستیدا بە ناونیشانی: عرض ببيلوغرافي موجز للمسيرة العلمية لنخبة من الباحثين في الكوردولوجيا السوفياتية خلال

سنوات (١٩٥٩-١٩٩٠)، بە کورتی باسی ژیانی ناوبراووی کردووە و هەندێك لە نووسین و چالاکی و بەرهەمە زانستییەکانی خستۆتەڕوو[٤٧].

بەندەش لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمدا، کە ساڵی (٢٠١٥) لە شاری (نۆڤۆسیبیرسك)-ڕووسیا بە زمانی ڕووسی بڵاوبووەتەوە، ناوی پێنج لە دیارترین مێژوونووسانی کوردم بردووە, کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستاندا, پڕۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر غەفور یەکێك بووە لەو پێنج کەسە، کە پسپۆڕی دۆزی کوردە لە تورکیادا[٤٨].

لەگەڵ هەموو ئەوانەش, بێگوومان نابێت ئەو کارە گەورە و پیرۆزەش لە یاد بکەین, کە نێوبراوو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ هەستاوون بە کۆکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمەکانی ڕەوانشاد پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد, خۆشبەختانە هەنگاووی زۆر باشیان ناوە لەو بارەیەوە[٤٩].

شیاووی باسە، نێوبراو یەکێکە لەو مێژوونووسە دیارانەی کورد کە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بارەی دۆزی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە و چەندین خوێندکار لەسەر دەستی ئەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایان نووسیووە و پلەی زانستییان بەرزبۆتەوە. زمانزانین, بابەتیبوونیی نووسین, ووردبینی و بۆچوونە زانستییەکانی وایان کردووە کەوا بەرهەمەکانی لە کتێب و توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاربهێنرێن و پشتیان پێ ببەسترێت, وەك سەرچاوەی زانستیی سوودیان لێوەربگیرێت. ئەگەر سەرەنجی ووتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و کتیبەکانی بدەین، چ بە زمانی کوردی بێت یاخود بە زمانی عەرەبی, ووردبوونەوە, شیکاریی, پاراویی زمان و بۆچوونی زانستی بە زەقی بە

**نووسینەکانییەوە دیارن. لەتەك ئەمەشدا بابەت و زانیارییەکانی نوێن و پێشتر کاریان لە بارەوە نەکراوە.**

**تەنانەت وەرگێڕانەکانیشی، بە تایبەتی ئەوانەی لە زمانی ڕووسییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی، دیسانەوە لە میانەیەوە لێهاتوویی, توانا و سەلیقەی زمانزانینی وەرگێڕمان بۆ دەردەخەن.**

**نێوبراوو یەکێکە لەو نووسەر و چاودێرە سیاسییانەی کە نووسین و وەرگێڕانەکانی جۆرە تایبەتمەندییەکی پێوە دیارە، کە بە بەردەوامی ڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لەمەڕ پرسە هەنووکەییەکان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە دۆزی کوردەوە.**

**سەرباری ئەو کتێب و لێکۆڵینەوە و ووتارانەی خستمانەڕوو، پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر کەسێکی چالاکە و بەردەوام چاوپێکەوتن و دیمانەی لەگەڵدا دەکرێت, دەتوانم بڵێم لە سەدان کۆنفرانسی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی, سەدان دیمانە و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا کراوە، ئەمەش بۆ خۆی کەرەسەکەیەکی دەوڵەمەندە بۆ هەر کەسێك بیەوێت لەم مێژوونووسە بکۆڵێتەوە و شارەزای دید و بۆچوونەکانی بێت.**

# پەراوێز و ژێدەرەکان

١- جێگەی باسە, ساڵی (٢٠١٨) بابەتێکم بە ناونیشانی: (پ.د. جەبار قادر غەفور) نووسی, شەوێکیان بە ڕێککەوت بینیم بابەتەکەم لە گۆڤارێکی ئیلیکترۆنیدا بڵاوبۆتەوە, ئیدی پەیوەندیم بە بەرپرسی گۆڤارەکەوە کرد و پێم ڕاگەیاند ئەمە بابەتی منە بە نوقتە و فاریزە و بە وێنەی بەرگی کتێبەکانیشەوە, پاشان بابەتەکەی خۆمم بۆ نارد و بۆشم سەلماند, ئەویش داوای لێبوردنی کرد و هەر ئەو شەوە, گۆڤارەکەی سڕییەوە و دووبارە جارێکی تر بڵاویکردەوە, ئەم جارەیان ناوی منی لەسەر بابەتەکە نووسیبوو. ڕەنگبێت ئەمە زۆر جێگەی سەرەنج نەبێت, چونکە ئەم بەڕێزەش وەکو دواتر بۆی باسکردم, لە سایتێکی بەناوبانگ وەریگرتبوو, لە دەرفەتێکدا پەیوەندیم بە بەرپرسی ئەو سایتەوە کرد, دیسانەوە داوای لێبوردنی کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدام ناوم لەسەرەوە بنووسێت, پێم ووت پێویستم بەوە نییە, بەڵام ئەمە کارێکی باش نییە. هەتاوەکو ئەمڕۆ بابەتەکە لەو سایتە بڵاوکراوەتەوە و ناوی منی لەسەر نەنووسراوە. لە تێزێکی دکتۆرادا, توێژەر ئەم بابەتە و بابەتی سایتەکەی وەکو سەرچاوە بەکارهێناوە, بەڵام دووەمیان ناوی منی

بەسەرەوە نییە، لە کاتێکدا هەردووکیان نووسینی خۆمن و پێشتر بڵاوم کردوونەتەوە. مەبەستم بوو بڵێم ئەم بابەتە، لەسەر بنەمای ئەو بابەتەی پێشوو نووسراوە و فراوانکراوەتەوە، هەڵبەت پاش چەندین هەوڵ و پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز پ.د. جەبار قادر، توانیم زانیارییەکان فراوانتر بکەم. لەم بارەیەوە دەڕوانرێتە: ئامانج نازم بیجان: پ.د. جەبار قادر، (تاراوگە)-گۆڤار، ژمارە (٦١)، هۆڵەندا، (١٥)ی تەمووزی (٢٠١٩)، ل٦. جێگەی هێما بۆکردنە، هەر لەم ڕۆژانەدا و لە کاتی پێداچوونەوە بە سەرچاوەکان و دانانی پەراوێزەکانی ئەم کتێبەدا، چەندین ووتار و توێژینەوەی گرنگی پ.د. جەبارم دۆزییەوە، کە لە یەکێك لە گۆڤارە دیارەکانی کوردستان بە زمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، لە نێوان سالآنی (٢٠٠٣-٢٠٠٧)، لە یازدە ژمارە بابەتی نێوبراوو بڵاوبۆتەوە، هەندێك لەو ژمارانە دوو بابەتی نێوبراوویان پێکەوە بڵاوکردۆتەوە، لە کاتێکدا نووسەر پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، بە هیچ شێوەیەك ئاگادار نەبووە کەوا ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە.

٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو-کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، بەغداد، (١٩٨٣)، ل ل١٩٩-٢٠٠.

٣- کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠، پەراوێزی (٢٣٩).

٤- لەم بارەیەوە دەنڕوانرێتە: ابراهیم خلیل العلاف: خمسون عاما من تاریخ جامعة الموصل (١٩٦٧-٢٠١٧)، بغداد، (٢٠١٨)، ص ص١٢٠-١٢٩.

٥- مێژوو-(گۆڤار)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، هەولێر، زستانی (٢٠٠٧).

٦- مێژوو-(گۆڤار)، ژمارە (٢٩)، ساڵی هەشتەم، هەولێر، زستانی (٢٠١٤).

٧- عەبدوڵڵا زەنگەنە (ئامادەکردن): بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە-دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەزهەردا، لوبنان، (٢٠٠٩)، ل١٥٠.

٨- ئەنوەر سوڵتانی: لاهووتی کرماشانی-شاعیری شۆڕشگێری کورد، سلێمانی، (٢٠٠٦)، ل ل١٨٥-٢٥٦.

٩- جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی، (١٩٩٩).

١٠- م. س. لازەرێف: کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی درووستبوونی دۆزەکە، جەبار قادر لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە، سلێمانی، (٢٠٠٠).

١١- جەبار قادر: ناعەقڵانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا، و: سەباح ئیسماعیل، کەرکوك، (٢٠٠٥).

١٢- جەبار قادر: کەرکوك-نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، هەولێر، (٢٠١٩).

١٣- دەستەی ئینسایکلۆپیدیا لە ئەکادیمیای کوردی، کوردستانیکا-هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دانانی ئینسایکلۆپیدیایەکی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، (٢٠٢٣).

١٤- جەبار قادر: (کردلر)ی دکتۆر فریچ-کتێبێکی هەڵبەستراو و نووسەرێکی خەیاڵکرد، هەولێر، (٢٠٢٠).

١٥- م.س. لازەرێف و ئەوانی تر، کوردستان و کورد-کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا، و: جەبار قادر-مەنسوور سدقی، هەولێر، (٢٠٢١).

١٦- جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، كركوك-الأنفال-الكرد وتركيا، أربيل، (٢٠٠٦).

١٧- جبار قادر وآخرون: تركيا المعاصرة، جامعة الموصل، (١٩٨٨).

١٨- جبار قادر وآخرون: دراسات في التاريخ الأوربي الحديث والمعاصر، جامعة الموصل، (١٩٨٨).

١٩- مجموعة من الكتاب والباحثين: كركوك مدينة القوميات المتآخية، أربيل، (٢٠٠٩)، ص ص١٧-٤٣، ص ص٦٥-٧٦.

٢٠- جبار قادر أعدها مع طارق جامباز (اعداد وترتيب): قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، أربيل، (٢٠١٣).

٢١- جبار قادر أعدها للطبع وقدم لها وترجم قسما منها: أوراق جلادت وروشن بدرخان، دمشق، (٢٠٢١).

٢٢- محسن حمزه حسن العبيدي: التطورات السياسية الداخلية في تركيا (١٩٤٦-١٩٦٠), جامعة الموصل, (١٩٨٩).

٢٣- دواتر له شێوی کتێب چاپ کراوە, دەڕوانرێتە: سنوور سەباح سدیق: مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك (١٩٦٣-١٩٩١), هەولێر, (٢٠٠٩).

٢٤- پاشان به شێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە, دەڕوانرێتە: هاوار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٩)، پێشەکی: جەبار قادر, , هەولێر, (٢٠١٢), ل ل٩-١١.

٢٥- ئەم تێزەش بە شێوەی کتێب چاپ کراوە, دەڕوانرێتە: ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: خوپیشاندان و ڕاپەرینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی عێراق (١٩٧٥-١٩٨٨)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پاڵپشت بە زانستی مێژووی زارەکی, بەرگی دووەم, سلێمانی, (٢٠١٨).

٢٦- بە هەمان شێوە ئەم تێزەش لە شێوەی کتێب بڵاوبۆتەوە, دەڕوانرێتە: دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان: بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکوك (١٩٢١-١٩٥٨), سلێمانی, (٢٠١٩), ل ل١١-١٤.

٢٧- عەزیز نەسین: تورك لە بوڵگارستان کورد لە تورکیا، و: بەکر شوانی-سیروان ڕەحیم، جەبار قادر پێشەکی بۆ نووسیوە, هەولێر, (٢٠١٠), ل ل٩-١٥.

٢٨-  سینان هاكان: كورد و بەرخودانەكانی (١٨١٧-١٨٦٧) لە بەڵگەنامەكانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و: بەكر شوانی، پێشەكی و پێداچوونەوە: جەبار قادر, هەولێر, (٢٠١٢), ل ل٧-٣٠.

٢٩-  زانیار سەردار قڕگەیی: دكتۆر كەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە-وتووێژ لەگەڵ زانا و مێژوونووسی ئەكادیمی كورد كەمال مەزهەر، پێشەكی: جەبار قادر، چاپخانەی شڤان, (٢٠١٣).

٣٠-  هاوكار محێدین جەلیل: سەرچاوەی پێشوو.

٣١-  شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی فەڕەنسادا، وەرگێڕان و پێشەكی و پەڕاوێز: نەجاتی عەبدوڵڵا, پێشەكی: جەبار قادر, هەولێر, (٢٠١٣), ل ل١٥-٢١.

٣٢-  مونزور چەم: ئەمە لە دێرسیم ڕووی دا (لە دەمی قوربانییەكانەوە)، و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، جەبار قادر پێشەكی بۆ نووسیووە, سلێمانی, (٢٠٢٣), ل ل٩-٢٢.

٣٣-  میخائیل سیمیۆنەڤیچ لازەرێف، كوردستان و پرسی كورد (١٩٢٣-١٩٤٥)، و: مەنسور سدقی، پێشەكی و پێداچوونەوە: د. جەبار قادر, هەولێر, (٢٠١٩).

٣٤-  دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان: سەرچاوەی پێشوو.

٣٥-  هۆشیار بەكر عەزیز: گەڕەكی شۆرجە-لێكۆڵینەوەیەكی ئێتنۆگرافی مێژوویی بایۆگرافییە، پێداچوونەوە و پێشەكی: جەبار قادر, هەولێر, (٢٠٢٠), ل ل٧-١٢. جێگەی باسە, هەر لەم كتێبەدا,

باسێکی کورت تەرخانکراوە بۆ پ.د. جەبار قادر, لەم بارەیەوە دەڕوانرێتە: ل ل٣٥٨-٣٦٠.

٣٦- ی.ئیٚ. ڤاسیلییێڤا: لیکۆڵینەوە لە شەرەفنامە و شەرفخانی بدلیسی لە دوو پێشەکیدا بۆ دوو بەرگی شەرەفنامەی ڕووسی, و: مەنسوور سدقی, پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر, هەولێر, (٢٠٢١), ل ل٧-١٩.

٣٧- ی.ئی. ڤاسیلێڤا: کتێبە ونبووەکەی مێژووی کوردستان, و: مەنور سدقی, پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر, هەولێر, (٢٠٢٣), ل ل٥-١٧.

٣٨- عبدالفتاح علي البوتاني: القريب من تاريخ الموصل: قراءات في نصوص تأريخية معاصرة, مراجعة وتقديم: جبار قادر, أربيل, (٢٠٢١), ص ص٩-١٧.

٣٩- جەبار قادر: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێخستن (١-٤), ئاوێنە (ڕۆژنامە), ژمارە (٥١٢), ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/١/١٩), سلێمانی, (٢٠١٦), ل١٤. جەبار قادر: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگویٚ خستن-سەردەمی سۆڤیەتی (٢-٤), ئاوێنە (ڕۆژنامە), ژمارە (٥١٣), ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/١/٢٦), سلێمانی, (٢٠١٦), ل١٤. جەبار قادر: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگویٚ خستن-کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت (٣-٤), ئاوێنە (ڕۆژنامە), ژمارە (٥١٤), ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/٢/٢), سلێمانی, (٢٠١٦), ل١٤.

جەبار قادر: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێ خستن-سەردەمی روسیای فیدیرالی (٤-٤), ئاوێنە (ڕۆژنامە), ژمارە (٥١٥), ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/٢/٩), سلێمانی, (٢٠١٦), ل١٤.

٤٠- عەبدوڵڵا زەنگەنە (ئامادەکردن): بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە-دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەزهەردا، لوبنان، (٢٠٠٩)، ل ل١٥-٣٨.

٤١- مەحمود نەجمەدین (نووسین و ئامادەکردن): کوردستانێکی ونبوو-کوردەکانی قەفقاز وەك بەفر توانەوە, (٢٠١٦), ل ل٧٦-٩٣.

٤٢- جواد كاظم البيضاني: التاريخ والمؤرخون الكرد, بيروت, (٢٠١٢), ص ص٤٢٠-٤٢٣.

٤٣- عماد الجواهري: قضايا فكرية وسياسية بأقلام كردية عراقية, مراجعة وتقديم: عبدالفتاح علي البوتاني, أربيل, (٢٠٢٢), ص ص٤٧-١٤٢.

٤٤- احمد ناجي الغريري: مجلة الاكاديمية الكردية وأثرها الفكري (١٩٧١-٢٠٢٢), أربيل, (٢٠٢٣), ص ص٢٦-٣٢.

٤٥- بەشدار عمر قەرەناوی: مێژوونووسین لای کورد لە عێراقدا (١٩٥٨-١٩٩٠), هەولێر, (٢٠٢٢), ل ل٤١٧-٤٢٢.

٤٦- هوشیار بەکر عەزیز: سەرچاوەی پێشوو, دەڕوانرێتە: ل ل٣٥٨-٣٦٠

٤٧- اسماعيل محمد حصاف, عرض بيبلوغرافي موجز للمسيرة العلمية لنخبة من الباحثين في الكوردولوجيا السوفياتية خلال سنوات (١٩٥٩-١٩٩٠), (الاكاديمي)-مجلة الاكاديمية الكوردية, العدد (١٦), أربيل, (٢٠١٠), ص ص٣٤٩-٣٥١.

48- Бижан А.Н. Проблема самоопределения иракского курдистана в конце XX - начале XXI века// фундаментальные и прикладные исследования: проблемы и результаты : сб. материалов XIX Междунар. Научн.-практич. конф. – Новосибирск: ЦРНС, 2015. – С. 19

٤٩- جەبار قادر و ئەوانی تر (ئامادەکردن): سەرجەم بەرهەمانی دکتۆر کەمال مەزهەر, هەولێر, (٢٠٢٢). ١٠ بەرگ.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

### کتێب

١- جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی، چاپی یەکەم, (١٩٩٩).

٢- ________: ناعەقلانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا، و: سەباح ئیسماعیل، چاپخانەی ئارابخا, کەرکوك، چاپی یەکەم, (٢٠٠٥).

٣- ________: کەرکوك-نەفرەتی نەوت و ستەمی دیموگرافیا، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر، (٢٠١٩).

٤- ________: (کردلر)ی دکتۆر فریچ-کتێبێکی هەڵبەستراو و نووسەرێکی خەیاڵکرد, لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, (٢٠٢٠).

٥- جەبار قادر و ئەوانی تر (ئامادەکردن): سەرجەم بەرهەمانی دکتۆر کەمال مەزهەر, چاپخانەی دانیشفەڕ, هەولێر, چاپی یەکەم, (٢٠٢٢). ١٠ بەرگ.

٦- کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو-کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو, ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان, مطابع دار أفاق عربية, بەغداد, (١٩٨٣).

٧- عەبدوڵلاّ زەنگەنە (ئامادەکردن): بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە-دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەزهەردا، چاپخانەی گرین گلۆری, لوبنان، چاپی یەکەم. (٢٠٠٩).

٨- ئەنوەر سوڵتانی: لاهووتی کرماشانی-شاعیری شۆڕشگێری کورد, لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کورد, چاپخانەی شڤان, سلێمانی, (٢٠٠٦).

٩- م. س. لاّزەرێف: کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی درووستبوونی دۆزەکە، جەبار قادر لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە, سلێمانی، (٢٠٠٠).

١٠- م.س. لاّزەرێف و ئەوانی تر, کوردستان و کورد-کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا, و: جەبار قادر-مەنسوور سدقی, لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەددین, هەولێر, (٢٠٢١).

١١- ميخائيل سيميۆنەڤیچ لازەریێف، کوردستان و پرسی کورد (١٩٢٣-١٩٤٥)، و: مەنسور سدقی، پێشەکی و پێداچوونەوە: د. جەبار قادر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، (٢٠١٩).

١٢- دەستەی ئینسایکلۆپیدیا لە ئەکادیمیای کوردی، کوردستانیکا-هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دانانی ئینسایکلۆپیدیایەکی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٣).

١٣- سنوور سەباح سدیق: مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك (١٩٦٣-١٩٩١)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، (٢٠٠٩).

١٤- هاوار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٩)، پێشەکی: جەبار قادر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٢).

١٥- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: خۆپیشاندان و ڕاپەرینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی عێراق (١٩٧٥-١٩٨٨)- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پاڵپشت بە زانستی مێژووی زارەکی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم، (٢٠١٨).

١٦- دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان: بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکوك (١٩٢١-١٩٥٨)، ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و

لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی, زانکۆی سلێمانی, چاپخانەی ناوەندی سارا, سلێمانی, چاپی یەکەم, (٢٠١٩).

١٧- عەزیز نەسین: تورك لە بوڵگارستان کورد لە تورکیا، و: بەکر شوانی-سیروان ڕەحیم، جەبار قادر پێشەکی بۆ نووسیوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, چاپی یەکەم, (٢٠١٠).

١٨- سینان هاکان: کورد و بەرخودانەکانی (١٨١٧-١٨٦٧) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و: بەکر شوانی، پێشەکی و پێداچوونەوە: جەبار قادر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمای کوردی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, (٢٠١٢).

١٩- زانیار سەردار قڕگەیی: دکتۆر کەمال مەزهەر ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە-وتووێژ لەگەڵ زانا و مێژوونووسی ئەکادیمی کورد کەمال مەزهەر، پێشەکی: جەبار قادر، چاپخانەی شڤان, چاپی یەکەم, (٢٠١٣).

٢٠- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی فەڕەنسادا، وەرگێڕان و پێشەکی و پەڕاوێز: نەجاتی عەبدوڵلا, پێشەکی: جەبار قادر, لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر, (٢٠١٣).

٢١- مونزور چەم: ئەمە لە دێرسیم ڕووی دا (لە دەمی قوربانییەکانەوە)، و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، جەبار قادر

پێشەکی بۆ نووسیووە, زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, چاپخانەی سەردەم, سلێمانی, چاپی دووەم, (٢٠٢٣).

٢٢- هۆشیار بەکر عەزیز: گەڕەکی شۆرجە-لێکۆڵینەوەیەکی ئێتنۆگرافی مێژوویی بایۆگرافییە، پێداچوونەوە و پێشەکی: جەبار قادر, لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, (٢٠٢٠).

٢٣- ی.ئێ. ڤاسیلییێڤا: لیکۆڵینەوە لە شەرەفنامە و شەرفخانی بدلیسی لە دوو پێشەکیدا بۆ دوو بەرگی شەرەفنامەی ڕووسی, و: مەنسوور سدقی, پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر, لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, (٢٠٢١).

٢٤- __________: کتێبە ونبووەکەی مێژووی کوردستان, و: مەنور سدقی, پێشەکی و نڤیسیار: جەبار قادر, لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, (٢٠٢٣).

٢٥- مەحمود نەجمەدین (نووسین و ئامادەکردن): کوردستانێکی ونبوو-کوردەکانی قەفقاز وەك بەفر توانەوە, لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ بە هاوکاری کەناڵی خاك, چاپخانەی کارۆ, (٢٠١٦).

٢٦- بەشدار عمر قەرەناوی: مێژوونووسین لای کورد لە عێراقدا (١٩٥٨-١٩٩٠), ئاوێر بۆ چاپ و بلأوکردنەوە, چاپخانەی هێڤی, هەولێر, چاپی یەکەم, (٢٠٢٢).

## گۆڤار

١- ئامانج نازم بیجان: پ.د. جەبار قادر, (تاراوگە)-گۆڤار, ژمارە (٦١), هۆڵەندا, (١٥)ی تەمووزی (٢٠١٩).
٢- مێژوو-(گۆڤار), ژمارە (١), ساڵی یەکەم, چاپخانەی منارە, هەولێر, زستانی (٢٠٠٧).
٣- مێژوو-(گۆڤار), ژمارە (٢٩), ساڵی هەشتەم, چاپخانەی ڕۆژهەلأت, هەولێر, زستانی (٢٠١٤).

## ڕۆژنامە

١- جەبار قادر: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێخستن (١-٤), ئاوێنە (ڕۆژنامە), ژمارە (٥١٢), ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/١/١٩), کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات, چاپخانەی کوردستان, سلێمانی, (٢٠١٦).

٢- ______: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێ خستن-سەردەمی سۆڤیەتی (٢-٤)، ئاوێنە (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥١٣)، ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/١/٢٦)، کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٦).

٣- ______: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێ خستن-کوردی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت (٣-٤)، ئاوێنە (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥١٤)، ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/٢/٢)، کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٦).

٤- ______: ڕوسیا و کورد: دو سەدە لە پشتگوێ خستن-سەردەمی روسیای فیدیرالی (٤-٤)، ئاوێنە (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥١٥)، ڕۆژی سێشەممە (٢٠١٦/٢/٩)، کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٦).


## ماڵپەڕی ئیلیکترۆنی


١- ئامانج نازم بیجان: پ.د. جەبار قادر غەفور زەند-کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی، ماڵپەڕی (مێژووی کورد)-ناوداران، ڕێککەوتی (٢٠٢٠/١/١٦) بڵاوبۆتەوە.

## دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

### کتێب


١- جبار قادر: قضايا كردية معاصرة, كركوك-الأنفال-الكرد وتركيا، دار ئاراس للطباعة والنشر, من منشورات ئاراس, مطبعة وزارة التربية, أربيل، الطبعة الاولى, (٢٠٠٦).

٢- جبار قادر أعدها مع طارق جامباز (اعداد وترتيب): قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، من مطبوعات الاكاديمية الكردية, مطبعة الحاج هاشم, أربيل، (٢٠١٣).

٣- جبار قادر أعدها للطبع وقدم لها وترجم قسما منها: أوراق جلادت وروشن بدرخان, دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع, دمشق, الطبعة الاولى, (٢٠٢١).

٤- جبار قادر وآخرون: تركيا المعاصرة، مركز الدراسات التركية, مديرية دار الكتب للطباعة والنشر, جامعة الموصل، (١٩٨٨).

٥- جبار قادر وآخرون: دراسات في التاريخ الأوربي الحديث والمعاصر، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر, جامعة الموصل، (١٩٨٨).

٦- ابراهيم خليل العلاف: خمسون عاما من تاريخ جامعة الموصل (١٩٦٧-٢٠١٧), دار قناديل للنشر والتوزيع, بغداد, الطبعة الاولى, (٢٠١٨).
٧- مجموعة من الكتاب والباحثين: كركوك مدينة القوميات المتأخية, دار ئاراس للطباعة والنشر, من منشورات ئاراس, مطبعة ئاراس, أربيل، الطبعة الاولى, (٢٠٠٩).
٨- عبدالفتاح علي البوتاني: القريب من تاريخ الموصل: قراءات في نصوص تأريخية معاصرة, مراجعة وتقديم: جبار قادر, من مطبوعات الاكاديمية الكوردية, مطبعة جامعة صلاح الدين, أربيل, (٢٠٢١).
٩- جواد كاظم البيضاني: التاريخ والمؤرخون الكرد, المركز العلمي العراقي-بغداد, دار ومكتبة البصائر للطباعة والنشر والتوزيع, بيروت, الطبعة الاولى, (٢٠١٢).
١٠- عماد الجواهري: قضايا فكرية وسياسية بأقلام كردية عراقية, مراجعة وتقديم: عبدالفتاح علي البوتاني, من مطبوعات الاكاديمية الكردية, مطبعة جاكعة صلاح الدين, أربيل, (٢٠٢٢).
١١- احمد ناجي الغريري: مجلة الاكاديمية الكردية وأثرها الفكري (١٩٧١-٢٠٢٢), من اصدارات الاكاديمية الكوردية, مطبعة جامعة صلاح الدين, أربيل, (٢٠٢٣).

### نامەی ماستەر

١- محسن حمزه حسن العبيدي: التطورات السياسية الداخلية في تركيا (١٩٤٦-١٩٦٠)، بأشراف: عبدالجبار قادر غفور, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الاداب, جامعة الموصل, شباط (١٩٨٩).

### گۆڤاری زانستی

١- اسماعيل محمد حصاف, عرض بيبلوغرافي موجز للمسيرة العلمية لنخبة من الباحثين في الكوردولوجيا السوفياتية خلال سنوات (١٩٥٩-١٩٩٠), (الاكاديمي)-مجلة الاكاديمية الكوردية, العدد (١٦), مطبعة الحاج هاشم, أربيل, (٢٠١٠).

## سێیەم: سەرچاوە بە زمانی ڕووسی

### گۆڤاری زانستی

1- Бижан А.Н. Проблема самоопределения иракского курдистана в конце XX - начале XXI века// фундаментальные и прикладные исследования: проблемы и результаты : сб. материалов XIX Междунар. Научн.-практич. конф. – Новосибирск: ЦРНС, 2015

# بەشی سێیەم

# پ.د. یاسین خالد حەسەن (سەردەشتیی)
# کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی [3]

(3) ئامانج نازم بیجان: پ.د. یاسین خالد حەسەن (سەردەشتی)-کورتەیەك لە ژیان و بەرهەمەکانی، ماڵپەڕی (مێژووی کورد)-ناوداران، ڕێککەوتی (٢٠١٩/١٢/٢٤) بڵاوبۆتەوە.

## تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لە ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی

ناوی تەواوی یاسین کوڕی حاجی خالیدی مەلا حەسەنی مەلا مارفە, نەوەی (ابن الحاج)ی ئالانی سەردەشتییە[١]. هەرچەندە لە دوو سەرچاوەی جیاوازدا ناسناوی (یاسین ڕەوەند) هاتووە[٢] و لە چەند بەرهەمێکی خۆیدا, ناسناوی (کوردیار)ی بەکارهێناوە[٣], بەڵام هەر بە یاسین سەردەشتیی ناوی ڕۆیشتووە. وەکو خۆی لە ژمارە (١٧٨-١٧٩) گۆڤاری (سلێمانی) بۆمانی دەگێڕێتەوە: لە سەردەمی شکۆفەی دەسەڵاتی بابانییەکاندا, ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە.

بنەماڵەکەیان ڕۆڵی دیاری لە ژیانی ئایینی و فەرهەنگی و ئابووری ئەو قۆناغەی گەشەکردن و وەرچەرخانی شاری سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابان هەبووە. لە کاتی پەرەگرتنی ڕۆڵی بازرگانی سلێمانی, لە کۆتایی سەدەی (١٩) نۆزدەوە, پیشەی توتنچێتی و بازرگانیی توتنیان ئەنجامداوە. شیاووی باسە, تەنانەت باوکیشی واتا (حاجی خالید), هەتاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم, بەو کارەوە سەرقاڵ بووە[٤].

یاسین سەردەشتیی لە ڕۆژی (١٦)ی مانگی (ئادار)ی ساڵی (١٩٧٠)ی زایینی, لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی (سلێمانی تازە) لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (گۆران) و (کانێسکان), ناوەندی و

دواناوەندیشی لە (سەلاحەددین) لە هەمان شاردا تەواو کردووە[٥]. لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٧-١٩٨٨) لە (زانکۆی تەکنەلۆجی) لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق, لە بەشی ئەندازیاری میکانیك وەرگیراوە. بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری سیاسییەوە, لەو ساڵەدا لە زانکۆ (فەسڵ) کراوە و لە خوێندن دابڕێندراوە.

ئاشکرایە لەو سەردەمانەدا خوێندن و دامەزراندن بۆ عەرەبێکی عێراقی ئاسان نەبوو, ئەگەر ئەندام نەبووبێت لە حیزبی بەعس, چ جای بۆ کوردێکی بێلایەنی خەڵکی شاری سلێمانی ! دواتر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە (زانکۆی سەلاحەددین)-هەولێر, لە کۆلێجی ئاداب- بەشی مێژوو وەردەگیرێت و لە ساڵی (١٩٩٣) بە (پلەی یەکەم) لەسەر ئاستی هەموو کۆلێجەکە, بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی مێژوودا بەدەست دەهێنێت.

ساڵی (١٩٩٥) لە هەمان بەش و کۆلێجدا, بە سەرپەرەشتی ڕەوانشاد (پ.ی.د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر)-(١٩٣٠-٢٠١٤) بە پلەی (زۆرباشە) بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بەدەست هێناوە[٦]. ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی: (كردستان الشرقية-دراسة في الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين ١٩١٨-١٩٣٩)-کوردستانی ڕۆژهەڵات-لێکۆڵینەوەیەکە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە نێوان هەردوو جەنگەکەدا (١٩١٨-١٩٣٩) بووە[٧].

شیاووی باس لێوەکردنە, خوێندنی باڵا لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر, بۆ یەکەم جار لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٧-١٩٨٨) کرایەوە[٨]. لە پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا, بەشی مێژووی کۆلێجی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر, تاکە دەزگای زانستیی

بواری مێژوو بوو لە هەرێمی کوردستاندا. ساڵی خوێندنی (١٩٩٢-١٩٩٣)، خوێندنی ماستەر کرایەوە، بەڵام دیارە بە هۆی نەبوونی مامۆستا و پسپۆڕی پێویست لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، ئەو ساڵە تەنها مێژووی ئیسلامی-(سەدەکانی ناوەڕاست) خوێندرا. پاشان ساڵی دواتر و لە ساڵی خوێندنی (١٩٩٣-١٩٩٤)، ئەو بەشە کراوەتەوە و چەند مامۆستایەك لەوێ ئەو بەشەیان بەڕێوەبردووە، وەکو بەڕێزان: ڕەوانشاد (پ.ی.د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) و (پ.ی.د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس) و (پ.د. عوسمان عەلی)، بەو هۆیەوە توانییان ماستەر بۆ بەشی مێژووی نوێ و هاوچەرخ بکەنەوە.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، ئەمە بۆ یەکەم جار ئەبێت لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر و هەموو کوردستان ماستەر لەم بوارەدا بکرێتەوە، دیارە نۆبەرەی ئەم بەش و پسپۆڕییەش (پ.د. یاسین سەردەشتیی) و (پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی) دەبێت[٩].

ساڵی (٢٠٠٢) هەر لە هەمان بەش و کۆلێجدا، دیسانەوە بە سەرپەرەشتی خوالێخۆشبوو (پ.ی.د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) بە پلەی (زۆرباشە) بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا وەرگرتووە. تێزی دکتۆراکەی بە ناوی: کوردستانی ئێران (١٩٣٩-١٩٧٩)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد[١٠] پێشکەش کردووە. ئەمە یەکەم تێزی دکتۆرایە بە زمانی کوردی نووسرابێت لە ساڵی (٢٠٠١) لە کوردستاندا[١١]، دووجار لە شێوەی کتێب چاپ کراوە.

نێوبراوو پسپۆڕیی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە. ئەگەر سەرەنجیش بدەین، نامەی ماستەر و تێزی

**دکتۆراکەشی تەواوکەری قۆناغێکی گرنگی میژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جگە لەمەش، نێوبراوو چەندین کاری زانستیی لە بواری نووسین و وەرگێڕان لەو بارەیەوە بەرهەم هێناوە.**

**لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٦-٢٠٠٢) بووە بە مامۆستا لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی (زانکۆی دهۆك)، لە هەمان کاتدا بڕیاردەری زانستی بەشەکەش بووە. ساڵی (٢٠٠٢) دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بووە.**

**ساڵی (٢٠٠٣) ژیانی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی سێ (٣) کچە بە ناوەکانی (ئارین-نارین-لەرین)[١٢]. شیاووی باسە، دکتۆر یاسین سەردەشتیی لە پاڵ ئەرکی خۆی وەکو مامۆستای زانکۆ، چ لە ناو زانکۆ و چ لە دەرەوەی زانکۆش، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیریی، زۆر چالاکانە لە چەند شوێنێکدا کاری کردووە، بۆ نموونە ئەندامی (یەکێتی مێژوونووسانی کورد) بووە، هەروەها بەشدار بووە لە یەکەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی دهۆك. ئەمە جیا لەوەی کەوا سەرۆکی دەستەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (CULTURE FORLIFE) بووە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دامەزراوە، ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووە و بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری فەرهەنگی داوە لە کوردستاندا.**

**جگە لەوەش لە زانکۆدا سەرپەرەشتی چەندین نامە و تێزی زانستیی خوێندنی باڵا-ماستەر و دکتۆرای کردووە لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخدا. لە چەندین لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرادا وەکو ئەندام و سەرپەرەشتیار و سەرۆك، لە بەشەکانی**

مێژوو و کۆمەڵناسیدا بەشدار بووە. هەروەها بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستیی زانکۆی سلێمانی–(B) و ئەندامی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی زانکۆش بووە.

ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە و ووتاری زانستی لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان، میسر و ئێران بڵاوکردۆتەوە و لە چەندین بۆنەی مێژوویی و بەرنامەی دۆکیۆمینتاریدا بە زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بەشداری کردووە[١٣].

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٧)دا پلەی زانستیی بەرز بۆتەوە بۆ (پرۆفیسۆر). ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، نێوبراوو یەکەم مامۆستای ئەو بەشەیە کە پلەی زانستیی پرۆفیسۆری وەرگرتبێت. شیاووی باسە، پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتیی زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و فارسی زۆر بە باشی دەزانێت و چەندین لێکۆلینەوە و بەرهەمی زانستیی لەو زمانانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە بەشی زۆری بەرهەمە زانستییە وەرگێڕانەکانی لە زمانی ئینگلیزییەوەیە.

وەکو ئاشکرایە زمان کۆڵەکەیەکی زۆر باش و یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ مێژوونووس، کە ڕەنگ بێت بۆ ئێمەی کورد ڕاستتر بێت، چونکە بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش خاوەنی زمانێکی یەکگرتووین، کتێبخانەی کوردیش هەژارییەکی گەورەی پێوە دیارە لەو بارەیەوە. جگە لەمانەش پ.د. یاسین سەردەشتیی هەر لە هەڕتی لاوێتییەوە بایەخێکی زۆری بە هونەر و وەرزش داوە و سەرکەوتنی زۆر باشی بەدەست هێناوە لەو بارەیەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین لە بورای وەرزش و هونەریشدا، خاوەن بەهرە و توانا و لێهاتووییە.

## تەوەرەی دووەم: کتێب و بەرهەمە بڵاوکراوەکانی

### کتێبە چاپکراوەکان

١- ياسين خالد سردشتي: صفحات من تاريخ أثوريي كوردستان ابان الحرب العالمية الاولى-تحقيق تاريخي عن أغتيال الزعيم الاثوري بنيامين مار شمعون من خلال النصوص التاريخية, مراجعة وتقديم: عبدالفتاح علي بوتاني, دهوك, (١٩٩٩)[١٤].

٢- یاسین سەردەشتیی: کوردستانی ئێران-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩), سلێمانی, (٢٠١١)[١٥].

٣- یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی ی گەلی کورد لە ئێران(١٩٤١-١٩٨٣), سلێمانی, (٢٠٠٥)[١٦].

٤- یاسین سەردەشتی: گەلی کورد...و بزافی مەشرووتەخوازی لە ئێران-(١٩٠٥-١٩١١)ز, پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی: دلێر ئیسماعیل شاوەیس, کوردستان, (١٩٩٩)[١٧].

٥- یاسین سەردەشتی: خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا) و جولاَنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی(١٩٦٧-١٩٦٨) لە کوردستانی ئێران,

ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی: شازین هێرش، سلێمانی، (٢٠٠٢)[١٨].

٦- یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی) (١٩٣١-١٩٧٣)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، سلێمانی، (٢٠٠٧)[١٩].

٧- یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، (٢٠٠٧)[٢٠].

٨- یاسین سەردەشتیی (ئامادەکردن): فەرهەنگی ئارین، سلێمانی، (٢٠٠٩)[٢١].

٩- یاسین سەردەشتیی (ئامادەکردن): بیرەوەرییەکانی (جەمیل مەردۆخی) سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٦)[٢٢].

١٠- یاسین سەردەشتیی: یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان(١٩٥٨-١٩٥٩)-کۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیی، سلێمانی، (٢٠١٥)[٢٣].

١١- کوردیار: پەندنامە، سلێمانی، (٢٠١٠)[٢٤].

١٢- یاسین سەردەشتیی: سەدیقی ئەنجیری ئازەر-گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەروشوێنکراوێکی بێ گڵکۆ و مەزار، سلێمانی، (٢٠١٥)[٢٥].

١٣- کوردیار: کورتە مێژوویەکی نێربازی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، ب.ش.چ، (٢٠٠٢)[٢٦].

١٤- یاسین سەردەشتیی (ئامادەکردن): کورتە باسێك سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی عەرەب، زانکۆی سلێمانی[٢٧].

## کتێبە وەرگێڕاوەکان

١- کورد عەرەب بەریتانییەکان-بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٩)، و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، (٢٠٠٧)[٢٨].

٢- وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەیی نەتەوەیی کورد-بنەما و پەرەسەندنی، و: یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، (٢٠٠٨)[٢٩].

٣- ئێریك جەی. زورچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و: یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، (٢٠١١)[٣٠].

٤- یاسین سەردەشتیی و بەرزانی مەلا تەها (وەرگێران و ئامادەکردن): مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی، (٢٠١٠)[٣١].

٥- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد: کوردستانی عێراق-پەرەسەندنی سیاسیی و پشکووتنی دیموکراسیی، و: یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، (٢٠١٠)[٣٢].

٦- سۆفیا ئیزابێلا وانچ: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، (٢٠١٤)[٣٣].

٧- یاسن سەردەشتی و ئەوانی تر (نووسین و وەرگێران): مێژووی چەپ لە تورکیا، سلێمانی، (٢٠١٦)[٣٤].

